# ڕێبەری
# ڕۆژنامەوانی وەرزشی

به سوپاس و پێزانینێکی زۆرەوە ئەم بەرهەمە لەسەر ئەرکی بەرێز
( لاهور شێخ جەنگی ) چاپکراوە.

# ڕێبەری
# ڕۆژنامەوانی وەرزشی

ئامادەکردنی
هەرێز جەمال ساڵح

ناوی کتێب: ڕێبەری ڕۆژنامەوانی  وەرزشی
ئامادەکردنی: هەرێز جەمال ساڵح
دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم ساڵح
دیزاینی تێکست: دانا حەسەن
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٩
چاپ: چاپخانەی زانا
تیراژ: (٥٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٤٩٥)ـی ساڵی (٢٠١٩)ـی پێ دراوە.

# پێرستی بابەتەکان


پێشەکی ........................................................ ٧
چەمکی رۆژنامەوانی تایبەتمەند ........................................ ١٠
هەواڵی وەرزشی لە رۆژنامەگەری تایبەتمەند ............................. ١٦
گەشەسەندنی رۆژنامەگەری وەرزشی لە وڵاتانی عەرەبی ..................... ١٧
ناسنامەی رۆژنامەوانی بۆ رووماڵکردن .................................. ١٨
رێگەی گەیشتن بە رووماڵکردنی پاڵەوانێتییەکان .......................... ٢٤
بەکارهێنانی ناسنامەکەت .............................................. ٢٧
میکسد زۆن .................................................... ٣٠
کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکان .............................................. ٣٢
گێرانەوەی ستۆرییەکان ................................................ ٣٧
بەشی راگەیاندنی یانەکان ............................................. ٤٠
راگەیاندنی میدیا ناوخۆییەکان ......................................... ٤٤
راگەیەندراوی یانەکان ................................................ ٤٦
ئەندامبوون لە سەندیکا رۆژنامەوانیەکان ................................. ٤٨
رێکخراوی رۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهان ................................. ٥٠
جۆری پاڵەوانێتییە کیشوەری و جیهانییەکان .............................. ٥٤
شەش پرسیارەکەی پەیامنێر ............................................ ٦١

گەیاندنی هەواڵ لە سۆشیال میدیاوە ............................................. ٦٣
وتاری وەرزشی ................................................................................ ٧١
تایبەتمەندییەکانی پەیامنێری سەرکەوتوو ........................................ ٧٥
راپۆرتی وەرزشی .................................................................................٧٧
چاوپێکەوتنی وەرزشی ....................................................................... ٧٩
گرنگی وێنە لە بابەتە رۆژنامەوانیەکان .............................................. ٨٤
مامەڵەکردنی راهێنەران و یاریزان ..................................................... ٩٣
سەرچاوەکان ..................................................................................... ٩٥

# پێشەکی

ئــەم بەرهەمـــەی لەبەردەســـتە لەدەســـتپێکەوە ئامانـــج تەنیـــا ریزکـــردن و پڕکردنـــەوەی کتێبخانـــەکان نییـــە بـــە کتێبێـــک ، بەڵکـــو دەلاقەیەکـــە بـــۆ ئـــەو هەژارییـــەی لـــە رۆژنامەگـــەری وەرزشـــی هەیـــە .

لەســاتی دروســتبوونی رۆژنامەگــەری کوردیــەوە ، تــا هەنووکــە بــواری رۆژنامەوانــی وەرزشــی لــە رووی بوونــی ســەرچاوەو رێبەرێکــەوە بــێ بایەختریــن و لاوازتریــن ژانــری کایەکــە بــووە، ئەوەشــی هەبــوو لــە بەرهەمــە رۆژنامەوانیەکانــی وەرزش بــە لاوازی و هــەژاری ســنووری وەرگێــران و گەڕانــەوەی چیرۆکــی تەقلیــدی و داتــای کۆپــی کــراو بــووە .

وەرزش لەگــەڵ بــەرەو پێشــچوونە بێشــومارەکەی بــەم دوایــە لەگــەڵ خۆیــدا رۆژنامەوانیەکەشــی تــەواو بــردە پێشــەوە ، ئەوەتــا وڵاتــە زلهێــزەکان و یەکێتییــە وەرزشــیەکان و کۆمپانیــاو تــۆڕە بەهێــزەکان لــە کێبڕکێــی کڕینــی مافــی پەخشــکردنی یارییــەکان و پاڵەوانێتییەکانــن هەروەهــا لــە ململانێیەکــی تونــدن چونکــە دەزانــن چــی دەســتهاتێکی بێشــوومار لــە وەرگرتنــی ئــەو مافــە هەیــە .

شــەرم نییــە ددان بــەو راســتییە بنێیــن ئێســتاش رۆژنامەگــەری وەرزشــی کــوردی قۆناغــی ئەنجــام و خشــتەی یارییەکانــی نەبەزانــدووە نەگەیشــتۆتە قۆناغێــک بتوانێــت خــۆی بخاتــە بازنــەی ململانــێ لەگــەڵ خێــرا گەیاندنــی هــەواڵ و زانیارییــەکان ســات بــە

سـات یـان بـە شـێوازێکی سـەردەمیانە یـان ئەگـەر هەشـبێت بـە دەگمـەن روویـداوە .

هـەژاری ئـەو لایەنـەو نەبوونـی هیـچ سـەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی لـە ناوەنـدە ئەکادیمیـاکان و زانسـتیەکان تایبـەت بـەم بـوارە پاڵنەرێـک بـوو بـۆ بڵاوکردنـەوەی ( رێبـەری رۆژنامەوانـی وەرزشـی ) .

ئـەوەی لـە پەڕەکانـی ئـەم رێبـەرە هەیـە ئەزموونـی دەیـان ساڵەی کارکردنـی مەیدانـی رۆژنامەوانیمـە ، رۆژنامەوانـی وەرزشـی یەکێکـە لـە قورسـترین ژانـرەکان بـەڵام لـە سـاتی کارکـردن یەکێکـە لـە جوانتریـن و ناوازەتریـن بوارەکانـی رۆژنامەوانـی بەتایبـەت بـۆ ئـەو کەسـانەی وەرزش و کاری رۆژنامەنووسـیان گرێـداوە .

بەشـێکی زیاتـری ئـەم کتێبـەم بـۆ ئـەو هـاورێ و کەسـانەیە کـە چەندیـن سـاڵە کار لـە بوارەکـە دەکـەن و مەبەسـتیانە هەنگـاوی کارەکانیـان بـەر فراوانتـر بکـەن، لێـرەوە پـەی بـەو رێگایانـە ببـەن کـە چـۆن مامەڵەیەکـی تەندروسـت لەگـەڵ کارەکانیـان لـە ناوخـۆدا دەکـەن ، کام رێگەیـە دەگرنـە بـەر تاوەکـو قەڵەمەکانیـان سـنووری یاریگەکانـی کوردسـتان ببەزێنێـت و بگاتـە نێـو یاریگـە جیهانیـەکان و لـە نێـو پاڵەوانێتییـە گـەورەکان بدرەوشـێنێتەوە .

هـاوکات ئاسـانکارییەکی تـەواوە بۆ ئـەو خوێنـدکارو فێرخوازانەی لـە نێـو بەشـەکانی راگەیاندنـی زانکـۆو پەیمانگـاکان و تاوەکـو ئێسـتە فێرنەکـراون هەواڵێکـی رۆژنامەوانـی وەرزشـی یاخـود رێگەکانـی راپۆرتێـک یـان دیدارێکـی وەرزشـی دابرێژنـەوە.

**هەرێز جەمال**

**١-٦-٢٠١٩**

# ڕێبەرێک بۆ ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی

ڕۆژنامەگەری وەرزشی، بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ بەرەو پێشچوونی تەواوی گەشەسەندنی ڕۆژنامەگەری ئەو لایەنە تایبەتمەندەی ڕۆژنامەش پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووە بە جۆرێک لەسەردەمی ئێستادا بە یەکێک لە هەرە ژانرە لە پێشەکانی ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند پۆلێن دەکرێت.

پەیوەندی نێوان وەرزش و شێوازەکانی ڕاگەیاندن چیرۆکێکی دوورو درێژەو فرە ڕەهەندە، لەماوەی پەنجاو شەستەکاندا هەوڵەکانی گرێدانی لیژنەی ئۆلۆمپی جیهانی و یارییە ئۆلۆمپییەکانی هاوینەو زستانەش لەگەڵ جەماوەری تەلەڤزیۆنەکان ڕوویان لە پەرەسەندنی بەرچاوکرد، لە حەفتاکانیش بەهاکانی مافی پەخشکردنی یارییە ئۆلۆمپییەکان لە لایەن ڕاگەیاندنەوە بەرزبوونەوەیەکی گەورەیان بەخۆیەوەبینی .

ئێستە ئەو شارانەی کە یارییە وەرزشیەکان لە ئامێز دەگرن پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن بەڵام دواتر لە ڕێگەی داهاتە گەشت و گوزاریەکان و بڕێکی زۆری دیکەش لە ڕێگەی ئەو پارانەوە دەبێت کە تۆرەکانی تەلەفزیۆنیەکان و کۆمپانیا میدیایەکان لە کڕینی مافی پەخشکردنی یارییەکان تەرخانی دەکەن و دەیدەدەنە وڵاتی میواندار.

## چەمکی ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند

هەمـوو ئـەو ژانـرە میدیایانـە دەگرێتـەوە کـە هونەرێکـی جیـاوازی ژیـان لــە خــۆ دەگرێــت قســەی لەســەر دەکرێــت و میدیاکــەش یــان ئــەو ڕۆژنامەنووســەو ڕۆژنامــەو هەواڵانــە بــۆ دەســتەو تاقمێکــی دیاریکــراوە بابەتەکانــی .

ڕاگەیاندنــی تایبەتمەنــد هەریەکــە لــە ڕۆژنامەگــەری هونــەر، وەرزشــی ، پزیشــکی، ســەربازی ، گاڵتەئامێــز ، ئاینیــی ، زانســتی ، کرێــکاری ، حزبــی لــە خــۆ دەگرێــت .

## مێژووی ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند

دکتــۆر ســوهام ئالشــجیری دەڵێــت، ڕۆژنامەگــەری تایبەتمەنــد، وەکـو وەسـیلەیەکی ڕکابـەری ڕادیـۆ و تیڤـیو ئەنتەرنێـت دەرکەوتووە و ئـەم ڕۆژنامەگەرییـە هـەوڵ دەدات کار لەسـەر لایەنـە تەخەسوسـیو تایبەتـەکان بـکات، هەروەهـا دەڵێت، گرنگـی ڕۆژنامەگـەری تایبەتمەند لـەو زمانـە تایبەتـە ئاسـانو ووردو ڕوونـەو هەروەهـا زانیاریەکانێتـی بـۆ جەمـاوەر.

## مێژووی سەرهەڵدانی
## (ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند

ئەگــەر چەندیــن شــێوەی جیاجیــا لــەلای شارســتانییە کۆنــەکان بەتایبــەت لای چینــیو ڕۆمانــەکان دەرکەوتــووە بۆ گەیاندنــی زانیاریو

هــەواڵ، بــەڵام بەشـێوەی رۆژنامەگـەری نوێ بـۆ یەکەمجـار رۆژنامەو هەواڵنامــە لەســاڵی ١٤٧٠ لەشــاری کۆڵـن لەئەڵمانیـا بڵاوبۆتــەوە، دوای ئەویــش فەرەنسـا رۆژنامــەی فەرمــی دەرچوواندووە لەسـاڵی ١٦٣١ بەنـاوی رینـۆدۆ ئەلجازێت، لـە ڤینیسـیای ئیتالیـاش رۆژنامەیـەک لـە ١٦٥٦ بەنــاوی گازاتــە بڵاوکراوەتــەوە، ســەبارەت بەرۆژنامەگــەری تایبەتمەندیــش، ئــەوا بەشـێوەی ســەرەتایی لەفەرەنســادا لــە ســاڵی ١٦٦٥ دەرکەوتــووە، کاتێـک گۆڤـاری «زانایان»بڵاوکراوەتــەوە.

لەنــاو وڵاتانــی عەرەبیشــدا یەکــەم رۆژنامــەی تایبەتمەنــد بەناوی(رۆژنامــەی عەشــری) لەمیســر بڵاوبۆتــەوەو دوای ئەویــش (الوقائـع المصریـە) دەرچـووە کـە بەزمانـی عەرەبـیو تورکـی بـووە.

لەعیراقیشــدا رۆژنامەگــەری تایبەتمەنــد لــەدوای کودەتــای دەســتوری عوســمانی لەســاڵی ١٩٠٨ پەیدابـوو، دوای فەراهەمکردنـی ئــازادی و رێگــەدان بەدامەزراندنــی رۆژنامــەی تایبــەت بەزمانــی عەرەبــی، بــەو هۆیــەوە چەندیــن رۆژنامــەی ئەدەبــی و رۆشــنبیری لەویلایەتەکانــی بەســرەو بەغــداو موســڵ پەیدابــوون.

لــەرووی چەمکــەوە، شــارەزایان و توێــژەران، پێناســەی جۆراوجۆریــان بــۆ رۆژنامەگــەری تایبەتمەنــد کــردووە، دکتــۆر ئیبراهیـم ئەلخەسـاونە دەڵێــت، رۆژنامەگـەری تایبمەتمەند وەسـیەلەکە بــۆ رووبەرووبوونــەوەی ئــەو رکابەرییــەی لەداهاتــوودا دێتــە ئــارا لەنێــوان هــۆکارە جیاجیاکانــی راگەیاندنــی هاوچــەرخ بەتایبــەت تیڤــی و ئەنتەرنێــت، روونیشــیدەکاتەوە، رۆژنامەگــەری تایبەتمەنــد بەجەوهــەری رۆشــنبیری گشــتی هەژمــار دەکرێــت کــە خوێنــەر دەســتی دەکەوێــت لەنــاو رۆژنامەکانــدا.

دکتـۆرە سـەهام الشـجیری لـەو رووەوە دەڵێــت، راگەیاندنی جیهان بــەرەو تایبەتمەنـدی دەچێـت ولەئێســتادا رۆژنامەگـەری تایبەتمەنـد، بەیەکێـک لـە سـەرچاوەکانی رۆشـنبیریو زانیـاری گشـتی دادەنرێـت.

راپۆرتێکــی رێکخــراوی یونســکۆش، ئامــاژە بــۆ پێشــکەوتنو

گەشـــەکردنی ڕاگەیاندنـــی تایبەتمەنـــد دەکات، لەکاتێکـــدا ڕۆژنامـــە ڕۆژانەکانـــی جیهـــان ڕووبـــەڕووی لەمپـــەڕو کێشـــە بوونەتـــەوە، ئـــەوەش تەئکیدکردنەوەیـــە لەســـەر گرنگـــی ڕۆژنامەگـــەری تایبەتمەنـد.

ڕاگەیاندنـــی تایبەتمەنـــد بەپێـــی هەندێـــک توێـــژەری بـــواری ڕاگەیانـدن، پیشـــەیەکی هاوشـێوەی جۆرەکانـی تـری ڕۆژنامەگەرییـە، لەکاتێکیـدا، هەندێکـی تـر بـە خولیایـەک نـاوی دەبـەن، کـە ختوکـەی حـەزی ئەوانـە دەدا، کـە کاری تێـدا دەکـەن، ئیتـر لەبـواری ئـەدەب یـان وەرزش یـان هونـەر یـان زانسـت بێـت.

لای خۆیـــەوە دکتـــۆرە شـــوکریە کەوکـــز دەڵێـــت، تەخەســـوس بەپلـــەی یەکـــەم بەواتـــای دیاریکردنـــی بوارەکانـــی کار دێـــت، ئـــەو بوارانـــەی کەســـێکی شـــارەزا دەیـــکات کـــە زانیـــاری زۆری هەیـــە لەبـارەی کارەکـەی خۆیـەوە، بەهـۆی مومارەسـەکردن و سـەرقاڵبوون لەگەڵیـــدا... ڕوونیشـــیدەکاتەوە، تەخەســـوس تەنهـــا ســـیمایەکی دیـاری ڕۆژنامەگـەری نییـە، بەڵکـو سـیمایەکە گەشـەی مرۆڤایەتـی جیادەکاتـەوەو هـەزاران سـاڵ پێـش ئێسـتا کۆمەڵگـەی سـەرەتایی تەخەسوســـی وەرگرتـــووە لەبـــوارو کارە جیاوازەکانـــدا.

ئامـــاژە بەوەشـــدەکات، ڕۆژنامەگـــەری تایبەتمەنـــد گوزارشـــتە لەســـەر ئـــەو شـــێوازە لەجیاکردنـــەوەی کارەکان لەکۆمەڵگـــەداو بـــەو جـۆرەش چالاکـی ڕۆژنامەگـەری بـەردەوام بـووەو وەسـیلەتەکانی ڕاگەیانـدن گەشـــەی کـــردووە.

ســـەبارەت بـــە چەمکـــی ڕاگەیاندنـــی تایبەتیـــش دەڵێـــت، هەمـــوو ئـــەو ڕۆژنامـــەو گۆڤارانەیـــە کـــە کار لەســـەر هونەرێـــک یـــان بوارێـــک لەبوارەکانـی ژیـان دەکـەن وناچنـە سـەر باسـکردنی بوارێکـی تـر، هەروەهـا دەڵێـت، ئـەم جـۆرە لەڕۆژنامەگەریـی، موخاتەبـەی توێژێـک یـان کەرتێکـی تایبەتـی نـاو کۆمەڵگـە یـان دەسـتەیەکی نـاو کۆمەڵگـە دەکات.

کەوکـــز دەڵێـــت، ئـــەم جـــۆرە لەڕۆژنامەگـــەری پابەنـــدە بـــەدوو

بنەمـاوە، یەکەمیـان بابەتـی دیاریکـراوو ئامانجێکـی روون، دووەمیش، جـۆری ئـەو خوێنەرانەیـە کـە زانیاریەکانیـان ئاراسـتە ئەکرێـت.

بەمجـۆرەش پێناسـەکراوە، کـە زیاتـرە لەتەنهـا گواسـتنەوەی زانیـاری، چونکـە سـەکۆیەکە بـۆ گفتوگـۆو بڵاوکردنـەوەی بیرۆکـە، داهێنانـەکانو ئاڵوگـۆڕی شـارەزاییو ئەزمونـەکان ئامـادە دەکات، هەوڵیـش دەدات کاریگـەری لەسـەر بڕیاربەدەسـتان دروسـت بـکات و کار بـۆ چەسـپاندنی کاری داهێنەرانـە بـکات لەزۆرێـک بـواری وەک سیاسـەت و ئـەدەبو بازرگانـی.

هەندێکـی تـر لەتوێژەرانـی بـواری راگەیانـدن دەڵێـن، رۆژنامەگـەری تایبەتمەنـد لەئێسـتادا بووەتـە لقێکـی گرنگـی نـاو لقەکانـی رۆژنامەگـەریو ئێمـە لەئێسـتادا لەسـەردەمی زانیـاری تایبمەنـددا دەژیـن روونیشـیدەکەنەوە، چەمکـی رۆژنامەگـەری تایبەتمەنـد، رۆژنامـەی تایبـەت و لاپـەڕە تایبەتەکانـی نـاو رۆژنامـەو گۆڤارەکانیـش دەگرێـتەوە.

دەتوانیـن بەمجـۆرەش بکەیـن، بـەوەی رۆژنامەیەکـە یـان گۆڤارێک یـان بڵاوکراوەیەکـە کـە رووماڵـی بوارێـک لەبـوارەکان دەکات کـە ئاراسـتەی توێژێکـی تایبـەت یـان دیاریکـراو دەکرێـت و ئـەوان گرنگـی پێـدەدەن، لەهەندێـک حاڵەتیشـدا بەشـێوەی لاپـەرەی تایبـەتو سـەربەخۆی نـاو گۆڤـارو رۆژنامـەکان دەردەکەوێـت.

## پایەکانی

ئەمجـۆرە لەرۆژنامەگـەری لەسـەر دوو پایەیـەی بنەڕەتـی راوەسـتاوە کـە دیارترینیـان پێکهاتـووە لـە:

مـاددەی تایبەتـی دیاریکـراو، مەبەسـتیش لێـی پێشـکەش کردنـی ماددەیەکـی دیارکـراوە بـە جەماوەرێکـی تایبـەت، لەنموونـەی بابەتـی پزیشـکی یـان ئابـووری یـان زانسـتی یـان تایبـەت بـە ژنـان

## پێکهاتەکانی

راگەیاندنــی تایبەتمەنــد، چەنــد پێکهاتەیەکــی گرنــگ و ســەرەکی هەیــە.

یەکــەم: مــادە یــان بابــەت رۆژنامەوانییەکــە، کــە گرنگــی لەوەدایــە تەنهــا زانیــاری پێشــکەش نــاکات، بەڵکــو ســەکۆیەکە بــۆ گواســتنەوەی فیکــرەو داهێنــانو ئاڵوگــۆڕی شــارەزاییو ئەزمــوون.

دووەم: تیمــی دارشــتنو تەحریــری تایبــەت، کــە پێویســتە خــاوەن شــارەزاییو توانــای تایبــەت بــن، بــۆ هــەر یەکێــک لــە بوارانــەی کاری تێــدا دەکــەن، رۆژنامەنوســی تایبەتمەنــد هاوشــێوەی توێــژەری زانســتییە، چونکــە تەنهــا کاری بــاوی رۆژنامەنوســی ئەنجــام نــادات، بــە گواســتنەوەی هــەواڵ و زانیــاری، بەڵکــو رۆڵیکــی قووڵتــر دەبینێــت کــە ئەویــش شــیکاری کــردنو هەڵدانــەوەو ئاشــکراکردنی رەهەندوباکگراونــدی هونــەری و ووردەکاری بوارەکەیەتــی.

ســێهەم: جەمــاوەری دیاریکــراوو تایبەتــە، واتــای ئــەو خوێنــەرو بیســەرو بینەرانەیــە کــە ئــەم جــۆرە لەرۆژنامەگــەری ئاراســتەی ئەوان دەکرێــت لەکۆمەڵگــەدا، وەک پزیشــکانو پارێــزەرانو خوێنــدکارانو منــاڵانو ژنــانو کرێــکاران.

## خەسڵەتەکانی

ئەم راگەیاندنە خاوەنی چەند خەسڵەتێکی تایبەت بەخۆیەتی، راگەیاندنێکی جادو ووردەو گرنگی بەچۆنێتی دەدات نەک چەندایەتی

پشــت بەشــێوازی نوســینی زانســتیانە دەبەســتێت، بەئەنجامدانــی لێکۆڵینــەوەو شــیکاری قــووڵ و گەیشــتن بەئەنجامــی لۆژیکــیو عەقڵانیانــە، ئەویــش پاڵپشــتی بەبەڵگــەی زانســتی، کار لەســەر پێویســتیو داواکاریــی فیعلیــی دەکات، کــە بــەلای خوێنــەرو بینــەرو بیســــەرەوە گرنگــن

بەهـۆی  دیراسـە و شـیکارییەکانی، گونجـاوە بـۆ توێـژە جیـا و تایبەتەکانـی نـاو کۆمەڵگـەوەو دەتوانرێـت هەمـوو کاتێـک وەکـو سـەرچاوەیەک سـوودی لـێ ببینرێـت.

## جۆرەكانی

ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند دەکرێت بەدوو جۆری سەرەکییەوە:

یەکـەم: ئـەو ڕۆژنامـەو گۆڤارانـەی کـە کەرەسـتەو بابەتـی تایبـەت پێشـکەش بەجەماوەرێکـی تایبـەت و دیاریکـراو دەکـەن، وەک ڕۆژنامـەی تایبـەت بەژنـان یـان بـواری پزیشـکی یـان ئیـداری یـان وەرزشـی.

دووەم: ئـەو ڕۆژنامـەو گۆڤارانـەی مـاددەی تایبـەت بـە جەماوەرێکـی گشـتی پێشـکەش دەکـەن، وەکـو ڕۆژنامە وەرزشـی یان هونەرییـەکان، کـە بابەتەکانیـان ئاراسـتەی توێژێـک یـان جەماوەرێکـی دیاریکـراو نییـە، ئـەم جـۆرەش لەڕۆژنامەگـەری، لـە ڕێگـەی پاشـکۆی تایبـەت لەنـاو ڕۆژنامـەو گۆڤـارەکان، supplement کـە چەندیـن لاپـەڕەو بـەش لەخـۆ دەگرێت لـەڕووی ناوەڕۆکـەوە، یـان لەڕێگـەی بەشـی تایبـەت Secton هوەیـە دەخرێنـە ڕوو، کـە چەنـد لاپەڕەیەکـی تایبـەت دیـاری دەکرێـت لەڕۆژنامـە یـان گۆڤارێـک بـۆ خسـتنە ڕووی مـادەی هاوشـێوە لـەڕووی بابەتییـەوە.

جۆرێکـی تـر، تەرخـان کردنـی لاپـەڕەی تایبەتـە spiceialized pages، کـە زانسـتی یـان هونەریـی یـان ئەدەبـی یـان هـەر بوارێکـی دیاریکـراو بێـت، یـان لەڕێگـەی تەرخـان کردنـی سـتوونێک یـان گۆشـەیەکە لەنـاو ڕۆژنامـەو گۆڤـارەکان، لەبابەتـی نامـەی خوێنـەران.

## هەواڵی وەرزشی لە رۆژنامەگەری تایبەتمەند

تاوەکو سەدەی بیستەمی زایین بە شێوەیەکی زۆر کەم بایەخ بەهەواڵی وەرزشی دەدرا لە رۆژنامەگەری، بەڵام پاش پێشکەوتنی بواری وەرزش بواری رۆژنامەگەرییەکەی تایبەتمەند ئەویش بەرەو پێشچوونی بەخۆیەوە بنیووە، بە جۆرێک ئێستە لە پێکهێنەرە بنچینەیەکانی ناو دەزگا رۆژنامەوانیەکانە بەڵام هەنوکەش نەتوانراوە وەک پێویست بە تایبەت لە کوردستان بایەخی پێ بدرێت.

پاش ئەوەی رۆژنامەگەری تایبەتمەند بەرەو رۆژهەلاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقیا برداوەو گەیشتۆتە میسرو زیاتر لەوێ گەشەی سەندووەو گرنگی زۆری پێدراوە بە تایبەت ساڵی ١٨٢٨ یەکەم رۆژنامەی تایبەتمەند بڵاوکراوەتەوە بە ناوی ( جۆرناڵ خدێوی) کە تایبەت بووە بە خزمەتکردن و بایەخدان بە هەواڵەکانی حاکمی ئەو کاتەی میسریەکان کە ناوی خدێوی بووە ، لە عێراقیش پاش کودەتا بەسەر عوسمانیەکان لە ساڵی ١٩٠٨ ئیتر رۆژنامەگەری تایبەتمەند گەشەی سەندووە، لەو ساڵە بەدواوە دەیان رۆژنامەو گۆڤاری تایبەتمەند لەزۆربەی پارێزگاکان دەرچوون و تاوەکو ساڵی ١٩٢٢ یەکەم گۆڤاری تایبەتمەندی وەرزشی دەرچووە بە ناوی گۆڤاری یارییە وەرزشیەکان (مجلة الالعاب الرياضية).

# گەشەسەندنی ڕۆژنامەگەری وەرزشی
# لە وڵاتانی عەرەبی

وڵاتی میسر بە یەکەم وڵاتی عەرەبی دادەنرێت لە مێژوودا کاتێک ڕۆژنامەی وەرزشی تێدا بڵاوکراوەتەوە کاتێک ساڵی (١٨٨٨) یەکەم ڕۆژنامەی وەرزشی دەرچووە پاش ئەویش لە ساڵی (١٩٩٢) عێراق بووە دووەم وڵاتی عەرەبی کە بڵاوکراوەی وەرزشی تێدا هاتە بەرهەم ئەویش بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی وەرزشی ، پاشان لە وڵاتی لوبنان لە ساڵی ١٩٢٥ ڕۆژنامەی حەیاتی وەرزشی بڵاوکرایەوە ، جارێکی تر وڵاتێکی عەرەبی بەڵام لە کیشوەری ئەفریقا بڵاوکراوەیەکی وەرزشی تێدا هاتە بەرهەم ئەویش لە ساڵی ١٩٤٠ لە سودان گۆڤاری وەرزش و سینەما بڵاوکرایەوە .

لە سوریاش لە ساڵی ١٩٥٥ گۆڤاری پاڵەوانان بڵاوکرایەوەو لە سعودیەو لیبیاو کوەیت و جەزائیرو ئیمارات و یەمەنیش بڵاوکراوە وەرزشیەکان هاتنە بەرهەم بەڵام لە قەتەر لە ساڵی (١٩٧٧) گۆڤاری سەقر بڵاوکرایەوە کە ئەمە دەگەیشتە زۆرترین شوێن .

# ناسنامەی رۆژنامەوانی بۆ رووماڵکردن
( media accrodation )

بـۆ ســەرجەم پاڵەوانێتییـەک یـان خولێـک یەکـەم کار کـە پێویسـتە رۆژنامــەوان بیـکات و مەرجــە پابەنـدی ببێـت بوونـی ناسـنامەی رۆژنامەوانـی تایبـەت بـە خولەکـە یـان پاڵەوانێتییەکـە کـە بـە زمانـی ئینگلیـزی پێـی دەوترێـت media accrodation






بوونــی ئــەم کارتــە واتــە رۆژنامــەوان یــان ئــەو راگەیەنــدکارە رێگەپێـدراوە بـۆ رووماڵکردنـی چالاکیەکـە کـە ئەمـەش بێگومـان لـە پێشـتر دەبێت ئامادەسـازی بـۆ کردبێت و بـە فەرمـی داوای کردبێت کـە نیـازی رووماڵکردنـی ئـەو چالاکیـەی هەیـە ئەویـش بـەم جـۆرە دەبێـت ..

یەکـەم – هـەر پاڵەوانێتییـەک یـان خولێـک یـان کۆنفرانسـێک لـە پێشـتر وێـب سـایتێکی هەیـە کـە تایبەتـە بـەو پاڵەوانێتییـە ، داواکار دەچێتـە ئـەو وێب سـایتە لـەوێ بەشـێکی تایبـەت وەک یاسـایەک هەیە کـە تایبەتـە بـە راگەیانـدن کـە بـە زمانـی سـتاندار ی ئینگلیـزی بەشـی (Media) ی پـێ دەگوترێـت کـە تـەواو تایبـەت بـە رۆژنامەنووسـان کـراوە ، پـاش ئـەوەی تـۆ کلیـک لـەم بەشـە دەدەیـت بەشـی زۆری ئـەو ئۆپشـنەی دێتـە بەردەسـتت پرکردنـەوەی چەنـد داتایەکـە کـە دواتـر لـە کۆتـا هەنگـاو بەشـێوەیەکی ئۆتۆماتیکـی دەینێریتـەوە بـۆ رێکخەرانـی پاڵەوانێتییەکـە.

دوای ئـەو هەنگاوانـەی تـۆ کـردت و ناردنـەوەی داواکـەت پـاش ئـەوەی تـەواو چێـک دەکرێتـەوە پاشـان ماوەیـەک دادەنرێت لەسـەر رەزامەنـد بوونـت لـە وەرگرتـن بـۆ رووماڵـی ئـەو پاڵەوانێتییـە .

**پێداویسـتیەکانی کـە دەبێـت بـۆ داواکردنـی ناسـنامەی میدیـای رووماڵکردنـی پاڵەوانێتییـەک کـە دەبێـت جێبەجێـی بکەیـت .**

**یەکـەم** – بێگومـان تـەواوی ئـەو داتایانـەی تـۆ دەینرێـت بـۆ دەرەوەو زمانـی زۆرینـەی سـەرەکی ئینگلیزیـە ، بـە شـێوەیەکی کلاسـیکی هـەر فۆرمێـک یـان خانەیـەک لـەو بەشـی میدیایـەی باسـمان کـرد دێتـە بەردەسـت داوای چەنـد زانیارییـەک دەکات لـە پێـش هەموویـەوە نـاوی خـۆت دواتـر باوکـت .

بەشـێکی تـری ئـەو داتایانـەی کـە داوای دەکات نـاوی وڵات بێگومـان تـۆ لـە عێـراق بیت لـە خانـەی وڵاتەکـەت دەنووسـی عێـراق

کـه ســەرجەم نموونــەکان بــە فۆرمێکــی پــڕ کــراوە لــە خــوارەوە ئامــاژەی پێکــراوە .

خاڵێکـی تـری داواکـراو لێـت، ناونیشـانی نیشـتەجێبونی خۆتـە ، زۆر زۆر گرنگـە دەبێـت ئـەم داتایانـە بـە دروسـتی بدەیـت ، پاشـان خانەیەکـی تـری داواکارییـەکان بوونـی ژمـارەی تەلەفونـی خـۆت و ئــەو دەزگایــەی کاری تێــدا دەکــەی بــۆ ئەمــەش دەبێــت تــۆ دەبێــت بــە شــێوەی نێودەوڵەتــی ژمارەکــەت بنووســی ، کــە نموونەکــەی ئێمــە لەســەر عێراقــە بــۆ نموونــە لــە خانــەی ژمــارەی تەلەفــوون دەنووســیت ٠٠٩٦٤٧٧٢، لــە خانــەی zipcode عێراقیــش `ژمــارەی شــارەکەت دەنووســیت بـۆ نموونـە ZIPcode ی سـلێمانی پێکهاتـووە لــە ٤٦٠٠١ یــان هەولێـر پێکهاتـووە لــە ٤٤٠٠١ دواتریـش دەبێـت بـە وردی ئاگـاداری نووسـینی ئیمەیلەکـەت بیـت چونکـە هـەر کاتێـک تـۆ داواکارییـەت نـارد راسـتەوخۆ لینکـی پەیوەندیـت گـرێ دەدرێـت بـەو ئیمەیلــەوە .

**دووەم** –هـەرە گرنگتریـن بـەش لـە داواکردنـی رووماڵکردنـی میدیایـی پاڵەوانێتییـەکان بوونـی پاسـپۆرتی کەسـی داواکـراوە ، کـە ئـەوان بەجۆرێـک مامەڵـە دەکـەن وەک یەکێـک لـە گرنگتریـن داتاکانتـە کـە تـۆ ئاراسـتەیان دەکەیـت ، لێـرە دەبێـت هاوشـێوەی ناوی پاسـپۆرتەکە کـە بـە زمانـی ئینگلیزی نووسـراوە ناوی خۆت لـە خانەی پاسـپۆرت پـر بکەیتـەوە ، دواتـر رۆژی دەرچوونـی پاسـپۆرتەکەو رۆژی بەسـەرچوونی، ئاگـادار بـە لـە سیسـتمی جیهانـی گواسـتنەوە نابێـت کەسـی داواکار هەرگیـز پاسـپۆرتەکەی شـەش مانگـی مابێت بۆ بەسـەرچوون واتـە تۆ ئەگـەر داوای قبوڵکـردن بکەی بـۆ پاڵەوانێتییەکە لـە مانگـی سـێ بکرێـت پێویسـتە بەلایەنـی کەمـەوە سـاڵێک زیاتـر بـە پاسـپۆرتەکەوە مابێـت بـۆ تەواوبوونـی.

Saint Lucia Tourist Board
P.O. Box 221
Castries
Fax: 1-758-453-1121

# MEDIA ACCREDITATION APPLICATION FORM 2016

Name: ______________________________

Nationality ______________________________

Organization ______________________________

Job Title / Position ______________________________

Business Address ______________________________

Town / City ______________________________

County / State / Province ______________________________

Post Code / Zip Code ______________________________

Country of Residence ______________________________

Telephone ______________________________

Fax ______________________________

Email ______________________________

Mobile Number ______________________________

Publication/Media House(s):

Medium: Print TV Radio Internet Other

If Other, Please Specify:

______________________________________________________________

# 2018 MANDELA DAY MARATHON MEDIA ACCREDITATION APPLICATION FORM

**25-26 AUG 2018**

#NM100

PIETERMARITZBURG TO HOWICK

uMGUNGUNDLOVU

**MANDELA DAY MARATHON**

**TRIUMPH OF THE HUMAN SPIRIT**

Please complete this form and return it with electronic passport photograph not later than 22 August 2018 to uMgungunglovu District Municipality, COMMUNICATIONS DEPARTMENT via email to:

Mbeko Nzimande: mbeko.nzimande@umdm.gov.za (c) 074 312 9933
Msawakhe Mayisela: mayiselamm@gmail.com (c) 060 966 4220
Thando Mgaga: thando.mgaga@umngeni.gov.za (c) 073 541 2267

Organisation Name: ______________________________

Surname: ______________________________

First Name: ______________________________

Address (Postal): ______________________________

______________________________ Postal Code: ____________

Telephone No. ______________ Facsimile No. ______________

Cellular No. ______________ Email Address: ______________

**ORGANISATION TYPE** Please select with an X that indicates the nature of organisation below

☐ RADIO ☐ PRINT ☐ TELEVISION ☐ WEB ☐ OTHER (please specify)

**POSITION AT ABOVE ORGANISATION** Please select with an X that indicates the nature of position at organisation

☐ JOURNALIST ☐ PRODUCTION ☐ COMMENTATOR ☐ PHOTOGRAPHER ☐ OTHER (please specify)

**SPECIAL REQUESTS:** ______________________________

______________________________

______________________________

*i.e. Media truck. Special photographers finish access. Motorbike etc. ( To be allocated at sole discretion of the MDM)*

**SPONSORS**

PROVINCE OF KWAZULU-NATAL
ISIFUNDAZWE SAKWAZULU-NATALI

NELSON MANDELA DAY

absa

KZN ATHLETICS

بەشـی هـەرە گرنگـی فۆرمـی میدیـا ئەکردەیشـنەکەت بریتیـە لـە جـۆری ئـەو داوایـەی بـۆ رووماڵکردنەکـە هەڵیدەبژێریـت کـە ئایا وەک پەیامنێـرو رۆژنامەنـووس یاخـود وێنەگـر یـان تیمـی بەرهەمهێنـان داواکارییەکـە پێشـکەش دەکەیـت، چونکـە تـۆ لـە هەرچـی داوا بکەیـت ئـەو مافـەت پـێ دەرێـت .


بـە پێـی یاسـا جیهانـی و نێودەوڵەتیـەکان ئەگـەر داواکـەت وەک رۆژنامەنـووس (journalist) کردبێـت ئـەوە تەنیـا وەک رۆژنامەنـووس مامەڵـەت لەگـەڵ دەکرێـت و ئەگـەر وەک وێنەگـر بیـت (photographer) لـە ئەگـەری قبوڵکـردن ناسـنامەکەت وەک وێنەگـرە کـە لـەم دوو داوایـە دەبێـت تەنیـا کاری خـۆت بکەیـت بـۆ نموونـە ناسـنامەی رۆژنامەنـووس ناتوانێـت وێنەگـر بێـت و بـە پێچەوانەشـەوە نابێـت وێنەگـر کاری رۆژنامەوانـی بـکات و لـە نێـو یاریگـە یـان هۆڵـی داخـراوی پاڵەوانێتییەکـەش شـوێنیان جیـاوازەو هەریەکـەو لـە زۆنێـک یـان ناوچەیـەک رووماڵ دەکـەن .



# چۆنێتی وەڵامدانەوەو ڕێگەی گەیشتن بە ڕووماڵکردنی پاڵەوانێتییەکان

پـاش ئــەوەی داواکارییەکــەت ئاراســتەی لیژنــەی ڕێکخــەری پاڵەوانێتییەکــە یــان خولەکــە دەکەیــت وەک لەســەرەوە ئامــاژەی پێــدراوە تــۆ چــاوەڕوان دەبیــت تاوەکــو ئــەو کاتــەی بــە فەرمــی لــە ڕێگــەی ئــەو لینکــەی ناردووتــە کــە (email) کــەی خۆتــە، ئاگاداردەکرێتــەوە لــە قبوڵکــردن یــان ڕەتکردنــەوەت چونکــە زۆربــەی ئــەو داواکارییانــەی لــە عێراقــەوە دەگــات بــەو پاڵەوانێتییــە ئاســتەنگی وەرگرتنــی تێــدا دەبێــت بــەڵام زەحمــەت نابێــت.

هــەر داواکارییەکیــش کــە ئەپــرووڤ کــرا واتــە نێــردرا لــە لایــەن تــۆوە مــەرج نییــە قبوڵکردنــی بــە دواوە بێــت .



(ئەمــە نموونــەی ڕەزامەنــدی وەرگیــراوە بــۆ ڕووماڵکردنــی پاڵەوانێتــی ئاســیا بـۆ گۆرەپـان و مەیـدان لـە قەتـەر سـاڵی ٢٠١٩) کـە داوای چەنـد دیکومێنتێکـی کـردووە ئاراسـتەیان بکرێتـەوە وەک کۆپـی پاسـپۆرت بـە سـکان کـراوی وێنەیەکـی مامەڵـە و کۆپـی ئـەو ڤیزایــەی بۆیــان ناردوویتــەوە تاوەکــو پێناســی ڕووماڵەکــەت بــۆ ئامــادە بکــەن .

هەندێـک پاڵەوانێتـی یـان خولـی تـر لـە دەرەوەی وڵات قبوڵەکـەی بــەم شــێوەیە نییــە، تەنیــا بــە ئاگادارکردنەوەیــەک بــە ئیمەیــل داواکــەت قبــوڵ دەکات ، لەمــە تــۆ بــۆ نموونــە پاســپۆرتت یــان ئایدیەکـەت (id) عێراقیـەو پاڵەوانێتییەکـەش لـە وڵاتێکـە کـە بـە ڤیـزا دەبێـت بچیتـە ئـەو وڵاتـەوە بۆ ئەمـە مەرجـە خـۆت بـە دواداچـوون بکەیــت بــۆ وەرگرتنــی ڤیزاکــەت بــۆ ئەمــەش دەبێتــە هــەر وەک هاوڵاتیـەک کـە مامەڵـەی وەرگرتنـی ڤیـزا دەکات ڕێکارەکان بگریتـە بــەر ، بــەڵام ئــەوەی بەهێــزی تــۆ دەدات کــە ئــەو قبوڵــەت هەیــە یاخــود ئەگــەر داوەتنامــەت ئاراســتە کرابێــت ئــەوە بــۆ قبوڵکــردن بەهێزتــر دەبێــت.

بــۆ هــەر داواکارییەکیــش دەبێــت پەیوەنــدی بــە نزیکتریــن کونسـڵگەری یـان باڵیۆزخانـە بکەیـت بـۆ نموونـە ئەگـەر بێـت و تـۆ داواکاریـت کـردووە ڕووماڵـی یارییەکانـی کۆپـا ئەمەریـکا دەکەیــت لــە وڵاتــی بەرازیــل و داواکەشــت قبوڵــە ئــەوە دەبێــت ڕاســتەوخۆ دەبێــت دیکۆمێنتەکانــت بــۆ باڵیۆزخانــەی بەرازیــل لــە بەغــداد ئامــادە بکەیــت و بچیتــە ئــەوێ بــۆ وەرگرتنــی ڤیزاکــەت ، ئەگـەر کونسـڵگەری ئـەو وڵاتـەش لـە هەولێـر هەبێـت ڕاسـتەوخۆ دەچیتــە هەولێــر پێــش کەمتــر لــە دوو مانــگ لــە دەســتپێکی ئــەو پاڵەوانێتییــە دەبێـت تـەواوی کارەکان و دیکۆمێنتەکانت لـە باڵیۆزخانە بێــت ، ئەمــە نموونەیــەک بــوو لــەو نموونانــە بــەڵام هەندێــک پاڵەوانێتـی هەیـە کارەکانـی ئاسـانترە ئەگـەر بێـت و ڤیزەشـی بوێـت

بــە پاســپۆرتی عێراقــی  بــۆ نموونــە وڵاتــە ناوچەیــەکان بــە واتــا ئەگــەر پاڵەوانێتییەکــی نێودەوڵەتــی یــان جیهانــی لــە وڵاتانــی وەک تورکیــا ، ئێــران ، ئــەردەن ئــەو وڵاتانــەی بــۆ عێــراق ڤیزەیــان ئاســان بەردەســت دەبێــت بــەو مەرجــەی تــۆ تەنیــا قبوڵــی رووماڵــی ئــەو پاڵەوانێتییــەت بــۆ هاتبێتــەوەو ناســنامەکەت وەرگرتنــەوەی کۆتایــی هاتبێــت لــە شــوێنی ئــەو پاڵەوانێتییــە ئــەوە راســتەوخۆ دەتوانیــت گەشــتەکەت بکەیــت.

## بەکارهێنانی ناسنامەکەت
## لە پاڵەوانێتییەکان و خولەکان

لـــە ئەگـــەری ڕێگەپێدانـــت و قبوڵکردنـــت بـــۆ ڕووماڵکردنـــی پاڵەوانێتییەکـــە ناســـنامەکەت ڕاســـتەوخۆ لـــە شـــوێنی ئەنجامدانـــی پاڵەوانێتییەکـــە وەردەگریتـــەوە ، واتـــە تـــۆ ئەگـــەر لـــە کوردســـتانەوە بچیتـــە وڵاتێکـــی دەرەوە بـــۆ ڕووماڵکردنـــی پاڵەوانێتییەکـــە دەبێـــت بـــە لایەنـــی کەمـــەوە ڕۆژێـــک لـــە دەســـتپێکی پاڵەوانێتییەکـــە ئـــەو ناســـنامەیەت وەرگرتبێتـــەوە تاوەکـــو لـــە ڕۆژی پاڵەوانێتییەکـــە ئـــەو ناســـنامەیەت پـــێ بێـــت ئەویـــش لـــە پێنـــاو ئـــەوەی ڕێگـــەی چوونـــە ژوورەو ڕووماڵکردنـــت پـــێ بدرێـــت .

وەرگرتنـــەوەی ئـــەو باجـــە ڕاســـتەوخۆ لـــە ناوەندێـــک دەبێـــت کـــە پێی دەوترێـــت ناوەنـــدی میدیایـــی (میدیـــا ســـەنتەر) media center کـــە ئـــەو میدیـــا ســـەنتەرە ڕاســـتەوخۆ پەیوەســـتە بـــە کاری ڕۆژنامەوانـــی و ڕۆژنامەوانـــەوەو ڕاســـتەوخۆ کارە کارگێڕیـــەکان و دواتـــر میدیایەکانـــی تێـــدا بەڕێوەدەچێـــت .

### ڕێگەپێدان و ئەو ناوچانەی بۆت دیاریکراوە

ئـــەو ناســـنامەیەی کـــە وەریدەگریـــت پابەنـــدی کۆمەڵێـــک ڕێنمایـــت دەکات بـــەم شـــێوەیە

یەکـــەم لەســـەر ناســـنامەکە کۆمەڵێـــک خانـــەی ژمـــارەی هەیـــە کـــە بـــۆ میدیـــاکار پێویســـتە ڕەچـــاوی ئـــەو خانـــە ژمارەیانـــە بـــکات

کــە تەریبــە بــە ژمــارەی ئــەو دەروازانــەی بــۆی دیاریکــراوەو واتــە ناتوانێــت بــە ئــارەزووی خــۆی بچێتــە بەشــە جیاوازەکانــی یاریگــە یــان هۆڵەکــەوە، بــۆ نموونــە وەک لــە وێنــەی خــوارەوە هەیــە ژمارەکانــی ســەر باجەکــە بــۆ نموونــە ٢-٥-٦-٨-٩ واتــە رۆژنامەنــووس تەنیــا بــۆی هەیــە لــەو دەروازانــە هاتوچــۆ بــکات یــان رێگــە پێــدراوە بێگومــان هــەر یاریگەیــەک یــان هۆڵێکــی نێودەوڵەتــی لــە جیهانــدا ژمــارەی دەروازەکانــی ( چوونــە ژوور ) کــە بــە ئینگلیــزی پێــی دەوترێــت گەیــت و بــە عەرەبــی بــە بوابــە ناودەبرێــت ، دیاریکــراوە .

دووەم: ئــەو دەروازانــەی کــە بــۆ رۆژنامەنــووس دیاریکــراوە تایبەتــە بــە کاری میدیــای وەک شــوێنی دانیشــتنی کــە جیاکراوەتــەوە لــە هانــدەران و یاریــزان و کەســانی تایبــەت ، بەشــێکی تــری دەروازەکانــی بــۆ چوونــە نێــو هۆڵــی کۆنفرانســە رۆژنامەوانیەکانــە بەشــێکی تــری تایبەتــە بــە ناوچــەی لێــدوان وەرگرتــن ( میکــس زۆن) .


PRESS BOX
PASS


KOR
JPN
13:13

## ( میکسد زۆن mixed zone ) چییە ؟

ئـەو ناوچەیەیـە کـە خاڵـی بەیەکگەیشـتنی نێـوان رۆژنامەنـووس و لایەنـی بەرامبــەر واتــە یاریــزان یاخــود راهێنــەر زۆر کاتیــش لــە ئیڤێنتــەکان ســەرۆکی یانــەکان و کەســایەتیەکان و بەرێوەبــەرە وەرزشــیەکانە کــە تایبــەت بــە چاوپێکەوتــن و لێــدوان وەرگرتــن لــەو خاڵــە کــە دیاریکــراوە، هــەر کاتێــک یارییــەک تــەواو دەبێــت ، رۆژنامەنــووس دەبێــت زۆر بــە خێــرای خــۆی بگەیەنێتــە ئــەو زۆنــە یــان رارەوە و دەســتبەجێ دەبێــت تــەواوی کەلوپەلەکانــی ئامادەبێــت بــۆ وەرگرتنــی لێدوانەکــە ئایــا مایکــی کەناڵەکــەی دەبێــت یاخــود ریکۆردەکــەی یــان موبایلەکــەی کــە ریکــۆردی پــێ دەکات چونکــە هەر کاتێــک یارییــەک کۆتایــی دێــت راســتەوخۆ یاریــزان یــان راهێنــەران بــە پێــی یاســا لــەو زۆنــەوە تێپەردەبــن بــە بــەردەم رۆژنامەنووســان پێــش چوونــە ژووری جــل گۆرینیــان .



لـەو ناوچەیـە رۆژنامەنـووس دەبێـت بـە وریـای مامەڵـە لەگـەڵ یاریـزان یـان راهێنەرەکـە بـکات و بـە وردی و هەروەهـا بـە خێراترین کات پرسـیارەکانی ئاراسـتەی لایەنـی بەرامبـەر بـکات بـە جۆرێـک دەبێـت وەک کەسـایەتیەکی گرنـگ رێـز بـۆ بەرامبـەری دابنێـت ، ئـەو پرسـیارەی رۆژنامەنـووس لـە بەرامبـەری دەکات دەبێـت تـەواو پەیوەنـدی بـە کات و شـوێنەوە هەبێـت بـە جۆرێـک ئەگـەر رێگەیەکـی تـرو پرسـیاری جیـاواز لـە تەوەرەکانـی بـکات ئـەوا دوور نیـە بێوەڵام بێـت لـە لایەنـی بەرامبـەر .

رۆژنامەنووسـەکە دۆخـی بەرامبـەر لـە چـاو دەگرێـت بـە جۆرێک یاریـزان یـان راهێنـەری تیپـی دۆراو لـەو کاتەدا بـە ئەگەرێکـی زۆرەوە دۆخێکـی ناجێگیـری هەیـەو رەنگـە کاردانەوەشـی چاوەڕواننەکـراو ببێـت بۆیـە دەبێـت مامەڵەکردنەکـە بـە شـێوەیەکی تەندروسـتانە بێـت و لەگـەڵ دۆخەکـە بکرێـت .



## کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکان (Press Confrance)

بــەدەر لــە ناوچــەی میکــس زۆن، شــوێنێک هەیــە پێــی دەوترێــت هۆڵــی کۆنگــرە رۆژنامەنووســیەکان کــە ئەمەیــان زۆر کات جیاوازتــرە لــە بۆنــەکان یاخــود پێــش یــاری یاخــود دوای یارییــەکان بــە جۆرێــک ئەگــەر لــە پاڵەوانێتییــەک بیــت هەمیشــە لــە لایــەن لیژنــەی میدیــای پاڵەوانێتییەکــە بــە نووســراو یــان لــە رێگــەی پۆســتی ئەلیکترۆنــی email ئاگــادار دەکرێیتــەوە لــە کاتــی کۆنگــرە رۆژنامەوانیــەکان و شــوێنەکەی و کاتەکــەی، یاخــود لــە میدیــا ســەنتەر بــە بۆردێــک هەڵدەواســرێت تــۆ دەبێــت ئاگــاداری بیــت و هەمیشــە پێــش ١٥ خولەک لــە شــوێنی کۆنگرەکــە ئامادەبیــت لــە کات خۆیــدا.

هەرکاتێــک دەچیتــە هۆڵــی کۆنگرەکــەش دەبێــت تــەواو بیــت بــە ئەتەکێتــی چوونــە ژوورەو پاراســتنی هێمنــی هۆڵەکــەو شــوێنی دانیشــت تــا دەتوانیــت نزیــک بیــت لــەو کەســەی کۆنگرەکــە دەبەســتێت ، باشتریشــە ئەگــەر لــە کۆنگرەکــە بیــت ئامێــری کۆمپیوتــەر یاخــود نەبــوو دەبێــت ریکۆردەرێــک یاخــود دەفتــەرو پێنووســت ئامــادە بێــت تاوەکــو بتوانیــت بەشــی گرنگــی رووماڵــی کۆنگرەکــە بکەیتــە ســەرنج و دواتــر هەواڵەکــەت یــان راپۆرتەکەتــی لــێ بنووســیتەوە .


GREENPEACE
SAVE THE ARCTIC
SHOW GAZPROM
THE RED CARD
CHAMPIONS LEAGUE
EPA


LIVERPOOL FOOTBALL CLUB

له پاڵەوانێتییەک یان خولێک تەنانەت یارییەکی دۆستانە یاخود ئیڤنتێک ، بەستنی کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکان ناچارییەو جێگیر کراوەو ئەرکی ئەو کۆنگرەیەش لیژنەی میدیای دەیگرێتە ئەستۆ.

بــەڵام کۆنگــرە رۆژنامەنووســیەکان لێــرەدا دابــەش دەبــن بــە چەنــد شــێوازێکی جیــاوازەو مــەرج نییــە بــە هەمــان سیســتم و یــەک شــێوەی ســتاندار بەرێوەبچێــت ، هەمیشــە کۆنگــرەی هونــەری و کۆنگــرەی رۆژنامەنووســی و کۆنگــرەی ئامــادەکاری جیــاوازە لێــرە چەنــد نموونەیــەک دەخەینــە روو .

لــە کیشــوەری ئاســیا ، یەکێتــی تۆپــی پێــی ئاســیا بــۆ جامــی یانەکانــی ئاســیاو خولــی یانــە پاڵەوانــەکان هەمیشــە دوو کۆنگــرە دەبەســتێت کۆبوونــەوەو کۆنگــرەی هونــەری لــەم کۆنگرەیــە لەســەر سیســتمی یارییەکــە لــە رووی کارگێــری و هونــەری و بەرێوەچوونــی رێــک دەکــەون ، دواتــر درێــی هــەردوو تیــپ بــۆ رۆژی یارییەکــە نمایــش دەکرێــت و پاشــان کۆنگرەیەکــی تــر دەکرێــت لــە هۆڵــی رۆژنامەوانــی یانەکــە یاخــود زۆر کاتێــک لــە هۆتێلێــک کــە ئەمەیــان کۆنگــرەی رۆژنامەوانیــەو ســەپێندراوە وەک یاســاییەک دەبێــت راهێنــەری هــەردوو تیــپ و یاریزانێــک لــە هــەر تیپێــک و رێکخــەری راگەیاندنــی یانەکــە ئامــادە بێــت .




جۆرێکی تر لە کۆنگرەی رۆژنامەنووسی کراوەیە ، کە ئەمە زیاتر پێش دەستپێکی رووداوەکان دەکرێت  مەرج نییە لە شوێنکی داخراو یان هۆڵێک بێت  ئەگەر هەیە لە سەنتەر شار یاخود مۆڵێک بێت یان نێو یاریگەیەک بێت ، ئەم جۆرە کۆنگرە رۆژنامەوانیانە زیاتر بۆ یارییە تاکیەکان یان نمایشکردنی بەرهەمێکی وەرزشی یان سپۆنسەریکردنی یاریزانێک بۆ کەلوپەلێکی وەرزشی یان رووداوێکی گەورە دەبێت ، کە ئەم کۆنگرە رۆژنامەنووسیانە لە چوارچێوەی کۆنگرە رۆژنامەوانە کلاسیکەکانیش زۆرجار دێتە دەرەوە.

لەم جۆرە کۆنگرەیە زیاتر یاریزان یان کەسایەتیەکان جۆرێک دەبنە شۆ یان بە شێوەیەکی کراوەو فراوانتر قسە دەکەن بۆ نموونە دیداری دینامۆد لیگی بەناوبانگی ساڵانەی گۆرەپان و مەیدانی جیهان یان پاڵەوانێتی باسکەی یانەکانی ئەمەریکا ئێن بی ئەی یان پاڵەوانێتییە بەهێزەکان زۆرینەیان بەم شێوەیەیە دەکرێت .




**چـــی پێویســـتە لـــە کۆنگـــرە ڕۆژنامەنووســـیەکان کەســـی ڕۆژنامەنـــووس ئەنجامـــی بـــدات؟**

مەرجێکـــی گرنگـــە ڕۆژنامەنـــووس پێـــش هـــەر کۆنگرەیەکـــی ڕۆژنامەوانـــی ڕەچـــاوی ئـــەم خاڵانـــە بـــکات .

یەکـــەم –پێـــش ئەنجامدانـــی کۆنگرەکـــە زانیـــاری ورد لـــە بـــارەی ئـــەو لایەنـــەی کۆنگـــرە ئەنجامـــدەدات و لـــە ســـەر پرســـی کۆنگرەکـــە پرســـیار بـــکات .

دووەم –لەگـــەڵ نێردراوەکانـــی کەناڵـــەکان و ڕۆژنامەوانـــەکان بـــۆ کۆنگرەکـــە گفتوگـــۆ بـــکات .

ســـێیەم –ئامادەکردنـــی پرســـیاری پێشـــوەختە بـــەڵام بـــا تـــا ئەتوانێت پرســـیارەکانی کـــورت و پوخـــت بێت .

چـــوارەم– وەک لـــە پێشـــەوە ئامـــاژەم پێـــدا هەمیشـــە تێبینیەکانـــی خێـــرا لـــە کۆنگرەکـــە لـــە پەڕەیـــەک بنووســـێتەوە تاوەکـــو لـــە کاتـــی دارشـــتنەوەی هەواڵەکـــە ســـوودی لێوەربگرێـــت بـــە خێـــرای .

## گێرانەوەی ستۆرییەکان

بــۆ خوێنــەر یــان وەرزشــکارێک یــان دەوربەرەکــەت گرنگــە کــە تــۆ دەچیتــە پاڵەوانێتییــەک لــە کاتــی پاڵەوانێتییەکــە یــان گەڕانــەوەت ســتۆرییەک یاخــود ئــەو چیرۆکانــەی لــەو ئەزموونــەوە وەرگرتــووە بیگێڕیتــەوە یاخــود بــڵاوی بکەیتــەوە تاوەکــو کەســانێک هــەن بــەدەر لــەو هــەواڵ و راپــۆرت و چاوپێکەوتانــەی کردووتــە ســوودمەند بــن

ئەمــە نموونــەی ســتۆرییەکە کــە لــە مــاوەی هەفتەیــەک مانــەوەم لــە یارییەکانــی ئاســیاد لــە جاکارتــای پایتەختــی ئەندەنووســیا لــە ســاڵی ٢٠١٨ تۆمارمکــردووەو بڵاوکراوەتــەوە .

### لە جاکارتا چی دەگوزەرا

هەرێز جەمال

بــۆ دووەم گەورەتریــن رووداوی وەرزشــی ســەر گــۆی زەوی گەیشــتمە جاکارتــای پایتەختــی ئەندەنوســیا ، کــە یارییەکانــی ئۆلۆمپیــادی ئاســیای لــە ئامێــز گــرت ، ئــەو وڵاتــە لــە کوردســتانەوە نزیکــەی ١٢ ســەعات دوورە بــە فرۆکــەو یەکێکــە لــە وڵاتــە زلهێزەکانی باشــووری رۆژهەڵاتــی ئاســی.

ئەزموونکردنی دیدارێکی وەرزشی وەها گەورە بۆ من خەونێک بوو بەڵام دەمزانی گەیشتن پێی ئاسانە چونکە وەک رۆژنامەوانێکی کورد فلتەری تەواوەتیم بریبوو بۆ وەرگرتنم لەو پاڵەوانێتییە گەورانە .

نزیک دەساڵە کەین و بەینم لەگەڵ رووماڵکردنی پاڵەوانێتییە گەورەکان هەیە وەک پاڵەوانێتییە عەرەبیەکان و ئاسیاییەکان و کۆپا ئەمەریکاش کە دێرینترین پاڵەوانێتی تۆپی پێیە لەسەر گۆی زەوی بەڵام هیچ پاڵەوانێتییەک لە رووی زلهێزی و قەرەبالغیەوە نەگەیشتە ئاسیادی ۲۰۱۸.

هەر کە گەیشتمە میدیا سەنتەری تایبەت بە پالەوانێتییەکە ئامادەبوونی پێناسی میدیای تایبەت بە رووماڵکردنی یارییەکان لەو شوێنە بە پێشوازییەکی گەرمەوە لەسەرجەم یارییەکان ریجیستەر کرام، ئاخر میدیا سەنتەرێک کە هاوشێوەی وام هەرگیز تەماشا نەکردبوو.

گەیشــتن بــەو پاڵەوانێتیــە بــە هــۆی ئەزمــون و رابــردووی خۆمــەوە زیاتــر لــە ۵۰۰۰ رۆژنامەنــووس و کامێرامــان ئامادەبــوون بــە گــەورە تەکنەلۆژیــاوە لــە نزیکــەی ســەد وڵاتــەوە ٢٤ کاتژمێــری بــەردەوام روومــاڵ دەکــرا ، لــە هــەر یاریگەیــەک میدیــا ســەنتەرێکی بچووکــراوەی تایبــەت بــە رۆژنامەنووســان هەبــوو بــە خێراتریــن هۆیەکانــی گەیاندنــەوە تەنانــەت تــەواوی رۆژنامەوانــەکان پاکێجیــک پێداویتســتیان بــە خــەڵات پێبەخشــرا.

٤٥ وڵات بە ١١ هەزار یاریزانەوە لە ٤٠ یاری جۆراو جۆر بە هەزار دوو رەگەز رکابەرییان دەکرد، من باسی یاریگاو ئامادەکاری لۆجیستیان ناکەم کە تەواو تەواو پێشکەوتوو بوون ، هۆڵە وەرزشیەکانی ئەندەنوسیا لە ئاستی هۆڵەکانی ژاپۆن و کۆریاو چین هەژمار دەکرێن.

دووەم گەورەترین رووداوی وەرزشی هەرر لە سەرەتاوە ئاستبەرزی چینیەکانی تێدا دەرکەوت ئەوە بوو تا کۆتایی لە سەرجەم یارییەکان زۆرینەی میدالیەکانیان چنینەوەو توانیان پلەی یەکەم ببەنەوە ، عێراقی بەشداریش لە کۆی ئەو ٤٥ وڵاتە کە نیوەی زیاتری نان نیە بیخۆن پلەی ٢٧ـی دەستەبەرکرد ، پێشتر بەهۆی چوونم بۆ چەندین پاڵەوانێتی دەرەوە بوونی عێراق تێیدا قورسایی ئەو هەڵبژاردنەم باش دەزانی .

عێراق زیاتر لە ٥٠٠ کەسی بە پارەیەکی قەبەوە ناردبووە ئەندەنوسیا بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو ٥٠ یاریزانی نەبوو ئەوەی هاتبوو زۆرینەی بەناو کارگێری بوو بە گاڵتە پێیان ناوترێت هەڵبژاردەی گەشت و گوزار.

لە زۆرینەی یارییەکان یاریزانە عێراقیەکان بۆ خۆیان دەهاتن بۆ پاڵاوتن و یارییەکان و ڕاهێنەرەکانیش لە شوێنی مانەوەیان یان نووستبوون یان خۆیان و خوای خۆیان دەیانزانی لە کوێن.

ڕاستان دەتەوێت لەو شوێنانە بزانن عێراقیت دەبێت ئارەقی شەرمەزاری بەهۆی ئەم کەسە گەندەڵانەوە بڕێژی ، کەسی تیابوو لە یەکێتی پاسکیلسواری بوو لە وەفدی عێراق سەرپەرشتیاری گۆرەپان و مەیدانی دەکرد . ناراستگۆی شاندی ڕۆژنامەوانی عێراقیش لەولاوە بوەستێ کە سەرجەم شکستەکانیان دەدایە پاڵ ناوبژیوانەکانیان .

واز لە هەموو عێراق دەهێنم ئەوەی گرنگ بوو بڕی قۆناغێکی گەورە بوو بۆمن لە ڕووی کاری ڕۆژنامەوانی و لە نزیکەوە بەریکەوتن لەو پاڵەوانێتییە کە خەونی میلۆنەها وەرزشکاری کیشوەرەکەیە خەونی گەیشتنی هەزاران ڕۆژنامەنووسی لۆکالیە لە یەکێک لە گەورەترین و جوانترین وڵاتەکانی دنیا کە بەراستی بە هاونیشتیمانیان و خۆبەخشەکانیان شایستەی دەست گرتن بە سنگتەوە بۆیان .


تەنیا شکستی ئەو وڵاتە ڕەخنەم هەبێت بۆی بوونی ئەو قەرەبالغییە زۆرەیە کە بە ( ترافیک) بە ناوبانگە کە ئەگەر بێت و بچیتە سەر کار ٨ بەیانی دەبوو ٦ بەیانی بکەویتە ڕێگە ، بەڵام ئەوان یەکەم براوەی ئۆلۆمپیادی ئاسیا بوون لەوەی گەورەترین بزنسیان کردە وڵاتەکەیانەوە لەو ماوەیەو میوانی نزیکەی ١٠٠ وڵاتیان کۆکردەوەو توانیان هەنگاوی یەکەم بنێن بۆ خۆکاندیدکردنیان بۆ لە ئامێزگرتنی ئۆلۆمپیادی گەورە لە ساڵی ٢٠٣٢.


## بەشی راگەیاندنی یانەکان


وەک سیستمی پەیکەر بەندی بەشی راگەیاندن لە هەر یانەیەک ( ژووری رۆژنامەوانی یان بەشی راگەیاندن) دەبێت یەکێک بێت لەو بەشە گرنگانەی لە پەیکەربەندیەی هەیە لە یانەکەو لە سیستمی کارگێری جێگەی بکرێتەوە .

ئەو ژوورە یان ئەو بەشە بەرپرسیارە لەگواستنەوەی هەر چالاکیەکی یانەکەو تیپەکەو یاریزانان و رێکخستنی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکانی یانەکەو تیپە جیاوازەکان بەدەر لەوەی دەبێتە یەکەی یەکەم لە پەیوەندی نێوان سەرۆکایەتی یانەکەو راهێنەران و یاریزانان لەگەڵ میدیاکان و رۆژنامەنووسان .

باشترە بەشی راگەیاندنی یانەکەش ببێتە داتابەیسێکی گرنگ و کۆکەرەوەی تەواوی ئەرشیف و دیکۆمێنتکردنی داتاکانی یانەکە، ئەویش راستەوخۆ دەبێت بە دامەزراندنی یەکە تایبەتیەکەی ، لەم یەکەیە ستافێک هەیە کە بەرپرسن لە بەرێوەبردن پێکهاتووە لە هەواڵسازێک وێنەگر ڤیدیۆگرافەرو بەرێوەبەری ماڵپەرو سۆشیال میدیاکان ، هاوکات هەر راگەیەندراوێکی فەرمی لەم ژوورەوە بڵاودەبێتەوەو لە کاری میدیایش راگەیەندراوی فەرمی بەهێزترین و باوەڕپێکراوترین بڵاوکراوە دەبێت ، بۆ نموونە دانانی راهێنەر هێنان و رۆیشتنی یاریزان پێکان و دوورکەوتنەوەی یاریزان کە تایبەتمەند بێت بەو یانەیە راستەوخۆ دەبێت لە یانەکەوە لە رێگەی ژانرە میدیایەکانی ئەو یانەیە کە وێب سایت یان وتەبێژە یان لە رێگەی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکان بڵاودەکرێتەوە.


Realmadrid
Official Online Store
YOUR BASKET IS EMPTY
NEW ARRIVALS | FOOTBALL KITS | UEFA CL | TRAINING | FASHION | EQUIPMENT | HOMEWARE | SOUVENIRS | GIFTS | REAL-ID | OUTLET
CATEGORIES
Home > Football Kits > Shop By Player
10 ÖZIL (8)
11 BALE (1)
12 MARCELO (7)
13 ADÁN (3)
14 ALONSO (8)
15 CARVAJAL (7)
17 ARBELOA (7)
19 MODRIC (7)
1 CASILLAS (3)
22 DI MARÍA (7)
23 ISCO (8)
24 ILLARRA (8)
25 DIEGO LÓPEZ (3)
29 MORATA (6)
2 VARANE (7)
35 JESÚS FDEZ (3)
3 PEPE (7)
4 SERGIO RAMOS (9)
Sort By select
24 products per page
View All 153 Products
1 2 3 4 5 Next
Real Madrid Home Shirt 2013/14
73.33€
Real Madrid Sergio Ramos Poster - 61 x 91.5cm
8.80€
Real Madrid Away Shirt 2013/14 - Womens with Illarra 24...
Was: 77.93€
Now: 64.17€
Real Madrid Away Shirt 2013/14 - kids with Illarra 24 p...
Was: 77.93€
Now: 64.17€


https://www.duhailsc.com/ar/
لموسم 2017-2018 QNB أبطال دوري نجوم
الصفحة الرئيسية
كرة القدم
كرة اليد
الفئات العمرية
النادي
أخبار
المركز الأعلامي
اتصل بنا
ط الضوء على الأخبار
بانتصار رباعي الدحيل يحتفظ باللقب الغالي من استاد الجنوب المونديالي
العلي: حققنا شرف التتويج بأغلى بطولة في ملعب الجنوب المونديالي
العلي: مباراة هامة والدحيل جاهز للنهائي المونديالي
سمو أمير البلاد المفدى يتوج الدحيل بالكأس الغالية
خليفة خميس: أغلى بطولة واستاد الجنوب تحفة مونديالية


https://www.liverpoolfc.com
LFCTV GO
MATCH HOSPITALITY
MEMBERSHIP
FOUNDATION
STADIUM TOURS
HOME
NEWS
MATCH
TICKETS
TEAM
ANFIELD
FANS
SHOP
CLUB
you are here: home
Standard Chartered
new balance
Western Union WU
Free video: Watch every Liverpool goal in 2018-19 Premier League
Public transport passes provided for supporters in Madrid
Inside Anfield: Go behind the scenes of the final day
Academy to climb Snowdon for Stephen Darby Foundation
Harry Wilson scores as Derby reach Championship play-off final
News
Featured
Match
Media Watch

ڕۆژنامەنـووس زۆر گرنگـە پەیوەندییەکـی پتـەوی لەگـەڵ بەشـی میدیـای تـەواوی یانـەکان هەبێـت لـە ڕێگـەی کەسـی یەکـەم یاخـود ئـەو کەسـانەی لـە یانـەکان کاردەکـەن لـەو یەکـە میدیایـە لـە ڕێگـەی وەرگرتنـی ژمـارەو ئـەدرەس و ئیمەیلـەوە بـە پێچەوانـەوە دەبێـت ڕۆژنامەنووسـیش تـەواوی زانیارییەکانـی خـۆی بـدات تاوەکـو لـەو ڕێگەیـەوە بـەردەوام بـن .

ئێسـتە لەسـەرجەم یانەکانـی جیهـان ، بوونـی وێـب سـایت و یەکـەی میدیـای و مارکێتینـگ بـە بربـرەی پشـتی یانەکـە دادەنرێـت، لـە بەشـی زۆری ئـەو وێـب سـایتانە تـەواوی داتـای یاریزانـان بەیـان کـراوە هەروەهـا تـەواوی زانیارییـە وردو درشـتەکانی تێدایە، بەشـێکی تـری ئـەو وێـب سـایتانە تایبەتـە بـە بازارگـەری بـە جۆرێـک وەک بازارێکـی گـەورە وایـە دەتوانیـت بـە ئۆنلایـن چـی پێداویسـتیەکی ئـەو یانـە هەبێـت لـە رووی درێـس و شـمەکەکان بـە شـێوەی ئۆنلایـن بیـان کریـت هەروەهـا تیکتـی یارییـەکان و پاڵەوانێتییـەکان هـەر لـەو بەشـانەیە کـە لـە بەشـی تیکـت – کرینیـش لـە بەشـی شـۆپ دەبێـت .

## ڕێکخستنی دیدارەکان
## لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی یانەکان

لـە زۆربـەی کاتـەکان ڕۆژنامەنـووس خوازیـاری دیدارێکـە یـان هەندێـک جـار دەتەوێـت زانیارییـەک وەربگریـت دەبێـت لـە ڕێگـەی پەیوەنـدی (کۆنتاکت)ـی یانەکـەوە کـە زۆرجـار ئیمەیلـی فەرمـی یانەکەیـە داواکارییەکـەت دەنێریـت هـەر لـەو ڕێگەیـەوە وەڵام دەدرێیتـەوە یانـی وەک ئەتەکەتێتـی ڕۆژنامەنووسـی سـەرجەم ئـەو کارانـەی تـۆ دەیکەیـت بـە پێـی کات و داواکارییـە .

لەسـەرجەم یارییـەکان و یانەکانیش و پاڵەوانێتییەکانیش یاسـاییەک هەیـە کـە ڕۆژی مەشـقکردن تەنیـا ١٥-٢٠ خولـەک بـۆ میدیـاکان

کراوەتـەوە تێیـدا وێنـە دەگـرن و دواتـر لێدوانەکانیـان بـۆ بەردەسـت دەکرێـت و پێویسـتە راسـتەوخۆ پـاش ئـەو کاتـە رۆژنامەنـووس و کامێرامـان شـوێنی مەشـق بەجێبهێڵێـت .






## راگەیاندنی میدیا ناوخۆییەکان و عێراقیەکان

بــە پێچەوانــەی میدیاکانــی جیهــان و تەنانــەت وڵاتانــی عەرەبــی ، لــە باشــووری کوردســتان یانــەکان گرنگــی ئەوتۆیــان بــە بەشــی راگەیانــدن نــەداوە بــە پێــی پێویســت تەنانــەت بــە یەکێتییــە وەرزشیەکانیشــەوە بوونــی داتــا زۆر لاوازە تەنیــا لیژنــەی ئۆلۆمپــی عێــراق وێــب ســایت و پەرەیەکــی فەیســبووکی هەیــەو بەشــی زۆری یانــەکان پشــتیان بــە پــەرەی فەیســبووک بەســتووە ئەگــەر چــی لــە ســاڵانی رابــردوو نــاو بــە ناوێــک چەنــد یانەیــەک وێــب سـایتی فەرمیــان هەبــووە بــەڵام زۆری نەخایەنــدووە، لەوانــەش یانەکانــی شــاری ســلێمانی و هەولێــر ، بــەڵام یانــەی پێشــمەرگەی ســلێمانی لــە دەیــەی رابــردوو هەســتاوە بــە دانانــی ســەنتەرێکی رۆژنامەوانــی کــە تایبەتــە بــە کاروبــاری راگەیاندنــی یانەکــە کــە ســات بــە ســات لــە رێگــەی ماڵپەرەکەیانــەوە بایــەخ بــە هــەواڵ و چالاکیەکانــی یانەکەیــان و تەنانــەت هەواڵــە ناوخۆیــی و جیهانیەکانیــش دەدەن.

هــاوکات یانــە هەندێــک جــار کۆنگــرەی رۆژنامەنووســی بــۆ تیپەکانــی ســاز دەکات و بــەم دوایانــەش بــە شــێوەی گرافیــک و ڤیدیــۆ لــە سۆشــیال میدیاکانیــەوە داتــاو پێــش یارییەکانــی تیپەکانــی پێکهاتــەکان بــڵاو دەکاتــەوە .




بــەدەر لــە ژووری راگەیاندنــەکان ، یانەکانــی کوردســتان زیاتــر لــە رێگــەی پەیجەکانیانــەوە بابەتەکانــی یانەکانیــان بڵاودەکەنــەوەو لــە چەنــد ســاڵی رابــردووش چەندیــن یانــە پەنــای بردۆتــە بــەر کۆنگــرە رۆژنامەنووســیەکان وەک ناســاندنی راهێنــەرەکان یاخــود هێنانــی راهێنــەر.

لێـرەدا رۆژنامـەوان لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ جارێکـی تـر پێویسـتە پەیوەسـت بێتـەوە بـە راگەیاندنـی یانەکـە یاخـود لـە رێگـەی پەیوەندیە تایبەتیەکانــی کۆنتاکــت لەگــەڵ ســەرۆکایەتی یانەکــەو دەســتەی کارگێــری و راهێنــەران و یاریزانــان گــرێ بــدات ، تاوەکــو لــەو رێگەیــەوە باشــترین زانیارییــەکان ســوومەندبێت لێــی ئەویــش چەنــد رێگەیەکــی هەیــە کــە دواتــر ئامــاژەی پێــدراوە .

## راگەیەندراوی یانەکان

راگەیەنـــدراوی فەرمـــی یانـــەکان ســـەرچاوەی راســـتی هـــەر رووداوێـــک یـــان هەواڵـــی ئـــەو یانەیـــە بڵاودەکرێتـــەوە واتـــە بـــۆ رۆژنامـــەوان و خوێنـــەرو بینـــەرو بیســـەر بەهێزتریـــن ســـەرچاوەی متمانـــە پێکـــراوە بۆیـــە ئەگـــەر رۆژنامەنووســـیش هەرچەنـــدە پێشـــەنگی گواســـتنەوەی هەواڵێـــک بێـــت لەســـەر یانەیـــەک بـــەڵام تاوەکـــو راگەیەنـــدراوی فەرمـــی یانـــە نەبێـــت متمانـــەی بەهێزتـــر نابێـــت .

راگەیاندنـــی یانـــە وتەبێژێکـــی فەرمـــی یانەکـــە دەبێـــت لـــە رێگـــەی بڵاوکراوەکانـــی ، وەک هێنـــان و رۆیشـــتنی راهێنـــەرو یاریزانـــان و بڵاوکردنـــەوەی کۆبوونـــەوەی فەرمـــی دەســـتەی کارگێـــری یانـــەکان .

**بـۆ نموونـە یاریزانێـک روو دەکاتـە یانـەی هەولێـر بـەم جـۆرە یانەکـە راگەیەندراوەکـە بـڵاو دەکەنـەوە .**

### هەولێر دوو یاریزانی گواستەوە ریزەکانی

یانـــەی هەولێـــر گرێبەســـتی لەگـــەڵ هـــەردوو یاریزانـــی یانـــەی نـــەورۆز ( دیـــار عەلـــی، ئاســـۆ رۆســـتم) مۆرکـــرد بەمەبەســـتی یاریکردن لـــە خولـــی نایابـــی عێـــراق بـــۆ تۆپـــی پێـــی.

دیـــار عەلـــی ناســـراوە بـــە ( حەمکـــە) لـــە دایکبـــووی ســـاڵی ١٩٩٢ و لـــە هێڵـــی هێرشـــبەر یـــاری دەکات و لـــە ریـــزی یانەکانـــی ( ســـیروانی نـــوێ، پێشـــمەرگەی ســـلێمانی، نـــەورۆز) یاریکـــردووە و ئـــەم وەرزە لـــە خولـــی نایابـــی کوردســـتان (٢٠) گۆڵـــی تۆمارکـــردووە.

ئاسـۆ رۆسـتەم لـە دایکبـووی سـاڵی (١٩٩٤)ە و لە ریـزی یانەکانی (سـلێمانی، پێشـمەرگەی سـلێمانی، نـەورۆز، کەربـەلا) یاریکـردووە و لـە وەرزی ئەمسـاڵدا (٨) گـۆڵ و (١٢) گۆڵـی دروسـتکردووە.

جێگــەی باســە ئــەم گرێبەســتە ماوەیەکــی زۆرە لەگــەڵ ئــەم یاریزانانــە مۆرکــراوە، بــەڵام بەهــۆکاری جیــاواز ئاشــکرا کردنــی گرێبەســتەکە دواخــرا.

**هەمـان یانـە راگەیەندراوێـک لەسـەر هێنانـی راهێنـەرە نوێیەکـەی دەکاتـە راگەیەندراوێکـی فەرمـی بـەم شـێوەیە بـڵاوی دەکاتـەوە**

ئەمـرۆ دووشـەممە دەسـتەی راهێنەرانـی یانـەی هەولێـر بەفەرمـی دەستلەکارکێشـانەوەی خۆیـان پێشـکەش بـە یانەکـە کـرد.

دەســتەی کارگێــری یانــەی هەولێــر لــە کۆبوونــەوەی خۆیــدا بەفەرمـی دەستلەکارکێشـانەوەی هەریەکـە لـە بەرێـزان ( نـازم شـاکر) و ( فــاروق عەبدئەلجاســم) یاریــدەدەری راهێنــەر و ( هــادی جابــر) راهێنــەری گۆلپارێــزی قبولگــرد و سوپاســی ســتافی راهێنەرانیــان کـرد، کـە لـەم ماوەیـەدا ئەرکـی راهێنەرایەتـی یانەکەیـان وەرگـرت.

هـەر لـەم کۆبوونەویـدا بەفەرمـی یانـەی هەولێـر (ئەکـرەم ئەحمـەد سـەلمان) وەکـو راهێنـەر دەستنیشـان کـردو هەریەکـە لـە (تەهـا قـادر) و ( حەیـدەر مەحمـود) بـووە یاریـدەدەری راهێنـەر و (کاوە ئیبراهیـم) بـووە راهێنـەری گۆلپارێـز.

سـتافی راهێنـەران لـە رۆژی سێشـەممە دەسـتبەکار دەبێـت و یـاری یانـەی هەولێـر بەرانبـەر نەفـت میسـان دەبێتـە یەکـەم یـاری فەرمـی دەسـتەی راهێنـەران.

جێگـەی باسـە ئەکـرەم سـەلمان یەکـەم نازنـاوی خولـی نایابـی عێراقـی بـۆ یانـەی هەولێـر بەدەسـت هێنـا لـە وەرزی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) و راهێنەرایەتـی چەندیـن یانـەی عێـراق و ئـوردن و یەمـەن و بەحرێـن بەرێوەبـردووە و راهێنەرایەتـی هەڵبـژاردەی عێراقیـش کـردووە.

## ئەندامبوون لە سەندیکا رۆژنامەوانیەکان

بەشـێکی گرنـگ کـە مەرجـە رۆژنامەنـووس پابەندبێـت بـۆ درێـژەدان لـە کارەکـەی ئەندامبـوون لـە نێـو رێکخـراوو سـەندیکا رۆژنامەوانیەکانـە، ئـەو کارەش لـە سـەندیکای رۆژنامەنووسـیەکانی ناوخـۆ دەسـتپێدەکات تاوەکـو دەبێتـە ئەندامـی گەورەتریـن رێکخراوی رۆژنامەنووسـان لـە جیهـان .




سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان، چەنـد مەرجێکـی داناوە بـۆ ئەندامبـوون لـە سـەندیکاکەی تاوەکـو پێناسـی رۆژنامەنووسـی پێببەخشـێت .

لــه چوارچێــوەی ئــەم ســەندیکایە لیژنــەی ڕۆژنامەنووســانی ڕۆژنامەنووســانی وەرزشــی هەیــە ، کــە ئــەم لیژنەیــە پەیوەســتە بــە کاروبــاری ڕۆژنامەنووســانی وەرزشــی بەرزتریــن پلــەی ئەندامێتیــش لــە ســەندیکاکەیە پلــەی ئەندامێتــی کارایــە ، لیژنەکەیــە کــە هەڵقــوڵاوی ســەندیکایە لــە بەرامبــەر ئەندامبوونــی چەنــد مەرجێــک دەداتــە کەســی داواکار کــە بــەم شــێوەیەیە.

١-ڕۆژنامەنــووس لــە دەزگایەکــی ڕۆژنامەوانــی کار بــکات و گرێبەســتی کاری هەبێــت .

٢- نابێــت بــە هیــچ شــێوەیەک کارمەنــدی دەزگــای حکومــی بێــت و لــە لایــەن دادنووســەوە لەگــەڵ داواکارییەکــەی ئەندامبوونــی بەڵێنامەیــەک بــە پەســەندکراوی دادنــووس ئاراســتەی ســەندیکا یان لیژنەکــە دەکات.

٣- ڕۆژنامەنــووس لــە یــەک کات نابێــت ئەندامــی دوو ســەندیکای هاوشــێوە بێــت یاخــود لــە پەیرەوەکانــی کاری ســەندیکای ڕۆژنامەنووســان لابــدات ، بــە پێچەوانــەوە ســەندیکا ڕاســتەوخۆ بــۆی هەیــە مافــی ئەندامێتــی لــێ وەربگرێتــەوە .

٤- لــە کاتــی پێشکەشــکردنی داواکانــی دەبێــت ڕۆژنامەنــووس دوو ســاڵ زیاتــر بــە پراکتیکــی کاری ڕۆژنامەنووســی کردبێــت و بەڵگــەی چەنــد کارێکــی هاوپێچــی داواکارییەکــەی بــکات ، دوای ئــەوەی ئەنجوومەنــی ســەندیکا کــە لــە چەنــد کەســێک کۆبوونەتــەوە بریــار لەســەر داوکاری ( کەیسەکە)ــی دەدەن و بــە پێــی ئــەو بریــارەی ئەنجومــەن پلــەی ئەندامێتــی بــۆ دەستنیشــان دەکرێــت .

# ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهان
# AIPS

ڕێکخـراوی ڕۆژنامەنووسـانی وەرزشـی جیهـان کـە بـە (AIPS) ناسـراوە بـە گەورەتریـن ڕێکخـراوی ڕۆژنامەنووسـانی وەرزشـی هەژمـار دەکرێـت لـە سـاڵی ١٩٢٤ لـە پاریسـی پایتەختـی فەرەنسـا دامـەزراوەو ڕۆژنامەنووسـانی ١٥٦ وڵات ئەندامێتیـان هەیـەو لـە لایـەن لیژنـەی ئۆلۆمپـی جیهانـی و تـەواوی یەکێتییـە وەرزشـیەکانەوە بـە باوەرپێکراوتریـن و ڕێکخـراو یـان کۆمەڵـەی ڕۆژنامەنووسـان هەژمـار دەکرێـت.






## ئەندامبوون لە
## ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهان

ئەندامبـوون لـە ڕێکخـراوی ڕۆژنامەنووسـانی جیهـان چەنـد پێوەرێکـی هەیـە کـە هەرکەسـێک بیەوێـت ببێتـە ئەنـدام تێیـدا و پێناسـی ئـەو ڕێکخـراوە وەربگرێـت ، لـە سـاڵانی ڕابـردوو بـۆ عێـراق و ڕۆژنامەنووسـانی وڵاتانـی عەرەبیـش تەنانـەت ئاسـتەنگی زۆر هەبـوو لـە ئەندامێتی بـەو پێیەی مەرجەکانـی ڕێکخراوەکانی ئاسـتەنگی زۆری تێدابـوو ، بـەڵام پـاش کۆنگـرەی ڕێکخراوەکـە لـە سـاڵی ٢٠١٨ کـە لـە بروکسـیلی پایتەختـی بەلجیـکا بەڕێوەچـوو بەلێـن بـە عێـراق درا کـە ئەندامێتیـان لـە ڕێکخراوەکـە بـۆ زیـاد بکرێـت و کارئاسـانیان بـۆ بکرێـت بـە ئەندامبـوون، پـاش ئـەو بڕیـارەش لـە ڕێگـەی یەکێتـی ڕۆژنامەنووسـانی وەرزشـی عێراقـەوە چەند ڕۆژنامەنووسـێک داوای ئەندامبوونیـان پێشـکەش کـردوو داواکەیـان قبوڵکـرا .

واتـە هـەر کەسـێک لـە کوردسـتان یـان عێـراق بێـت ڕاسـتەوخۆ دەبێـت پەیوەنـدی لەگـەڵ یەکێتـی ڕۆژنامەنووسـانی وەرزشـی

عێراقەوە ببەسێت و لایەنی کەم ئەندامی ئەو یەکێتییە بێت و ڕۆژنامەنووسێکی کاراو دیار بێت تاوەکو پاڵپشتی بکرێت و لە ڕێگەی نووسراوە داوای ئەندامبوونی لە ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهان بۆ بکرێت و پاش ڕەزامەند بوون ڕاستەوخۆ پێناسی تایبەت و کۆدی تایبەتی بۆ دێتەوەو وەک ئەندام وەردەگیرێت .

لەو وێنەیەی خوارەوە چۆنێتی پەیوەندیکردن بە نوێنەری فەرمی عێراقەوە ڕوونکراوەتەوە کە لەلایەن ڕێکخراوەکەوە دانپێدنراوە .




**ناونیشانی ماڵپەری فەرمی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهان**

http//:www.aipsmedia.com

## چۆنێتـــی پەیوەندیکـــردن بـــە ڕێکخـــراوی ڕۆژنامەنووســـانی وەرزشـــی جیهـــان لـــە ڕێگـــەی ئیمەیـــل

## AIPS Headquarters

| | |
|---|---|
| **ddress:** | Avenue de la Gare 12<br>1003 Lausanne, Switzerland |
| **hone:** | +39-0381-690 636 |
| **mail:** | info@aipsmedia.com |
| **mail (for cards, membership and related ayments):** | membership@aipsmedia.com |

## AIPS President's Office

| | |
|---|---|
| **ddress:** | Via Marazzani 7,<br>Vigevano (PV) 27029, Italy |
| **hone:** | +39-0381-690 636 |
| **ax:** | +39-0381-690 638 |
| **mail:** | info@aipsmedia.com |

# جۆری پاڵەوانێتییەکان بە پێی ناوچەو کیشوەرەکان

پاڵەوانێتـــی و خـــول و یارییـــە وەرزشـــیەکان هەمیشـــە لـــە بەزاندنـی سـنوورەکان بەردەوامـەو سـاڵ بـە سـاڵ یـان مانـگ بـە مانـگ پاڵەوانێتـی زیاتـرو زۆرتـرو نـوێ دێتـە کایـەوەو وەرزش سـەرجەم کیشـوەرو ناوچەکانـی بریـوەو رۆژ بـە رۆژیـش دان نـان بـە پاڵەوانێتییـەکان زیـاد دەبـن .

**دەتوانیـن پۆلێنبەنـدی پاڵەوانێتییـەکان یـان خـول و جامـەکان بـەم شـێوەیە بکەیـن**

یەکەم : پاڵەوانێتییە ناوخۆیەکان ( خۆجێیەکان )

ئـەو پاڵەوانێتییانـە دەگرێتـەوە کـە تایبەتـە بـە ناوخۆی شـارێک یـان هەرێمێـک بـۆ نموونـە خولـە ناوخۆییەکانـی کوردسـتان لـە سـەرجەم یارییـەکان یـان جامـی ناوخـۆی وڵاتـان کـە ئەمـە زۆر بـە کەمـی دەکرێـت .

لـــەم خولـــەدا چەنـــد تیپێـــک و یانەیـــەک لەســـەر ئاســـتی شـــارێکیان چەنـــد شـــارێک و قەزاییـــەک و ناحییـــەک بەشـــداری دەکـــەن و بەرهەمـــە رۆژنامەوانیەکـــەی کـــە رۆژنامەنـــووس ئامـادەی دەکات بەرهەمێکـی ناوخـۆی دەبێـت ، واتـە هەواڵەکـەی تەنیـا بـۆ چینێکـی کەمـە رەنگـە زۆر خوێنـەر هەبێـت گرنگـی هـەر نـەدات بـە هەواڵـی ناوخـۆ ، بـەڵام لـە سـاڵانی رابـردوو بـە هـۆی

زیادبوونــی کەناڵەکانــی گەیانــدن و سۆشــیال میدیــاوە هەواڵــی ناوخـۆی بینەرێکـی باشـی کۆکردۆتەوە هـاوکات بۆتـە گەیەنەرێکی باشـیش بـۆ زیادبوونـی هانـدەران لـە نێـو یاریگـە ، چونکـە هـەر لـە میدیـاوە یـان رۆژنامـەو پەرەکانـی سۆشـیال میدیـاو هەوالـی تەلەڤزیـۆن و رادیۆکانـەوە کاتـی یارییـە ناوخۆیـەکان و هەروەهـا دەسـتپێکی پاڵەوانێتییەکـە بڵاودەکرێتـەوە .

لێرەدا بە دوو شێوە دەتوانرێت ئەو هەواڵە بڵاوبکرێتەوە.

**یەکـەم** : بە شـێوەی خشـتەی یارییـەکان و کاتەکەی شـوێنەکەی کـە ئـەو سـێ بنەمایـە گرنگـن بـۆ بینـەرو خوێنـەرو بیسـەر بـۆ ئامادەبوونـی .

**دووەم** : لەگـەڵ بوونـی ئـەو رەگەزانـەی سـەرەوە ئامادەکردنـی راپـۆرت لـە پێـش بەرێوەچوونـی یارییەکـە یـان پاڵەوانێتییەکـە بـۆ نموونـە ، ئەگـەر یارییـەک بەرێوەبچێـت دەبێـت ئامـاژە بـە گرنگـی یارییەکـەو هەڵوێسـتی هـەردوو یانەکـە پێـش یارییەکـەو ئامادەییـان بـۆ ئـەو یارییـە ئەویـش دەبێـت رۆژنامەنـووس هەموو ژانرەکانـی هەواڵەکـەی یـان راپۆرتەکـەی لـەو بەرهەمـەی بـڵاوی دەکاتـەوە بەرجەسـتەی بـکات ، لێدوانـی یاریزانـان و راهێنـەر هـەردوو تیـپ بێـت باشـترە .

لەسـەر بەرێوەچوونـی پاڵەوانێتییەکیـش کـە لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆی تەنانـەت ئەگـەر لەسـەر ئاسـتی وڵاتەکـەش بێـت رۆژنامەنـووس بـە هەمـان شـێوە دەبێـت و کاتەکـەی شـوێنەکەی و بەشـداری ئـەو تیـپ و یاریزانـەی لـەو پاڵەوانێتییـە یـان ئـەو خولـە بەشـدار دەبـن ئامـاژەی پـێ بـکات وەک لـەم نموونـەی خـوارەوە ئامـاژەی پـێ دەدەم .

# پاڵەوانێتیی تۆپی دەستی یانەکانی کوردستان بەڕێوەدەچێت

سلێمانی –هەرێز جەمال

بریـــارە پاڵەوانێتـــی تۆپـــی دەســـتی یانەکانـــی کوردســـتان لـــە شـــاری هەولێـــر بەڕێوەبچێـت و پێـش دەسـتپێکی پاڵەوانێتییەکـەش تـــەواوی ئامادەکارییـــەکان کـــراوەو چەندیـــن یانـــەش لـــە تـــەواوی شـــارە جیاوازەکانـــی کوردســـتانەوە بەشـــداری دەکـــەن .

بێجـان ئیبراهیـم، سـەرۆکی یەکێتـی تۆپـی دەسـتی کوردسـتان بــە ( .......) ڕاگەیانــد، ڕۆژی ٢٠-٦-٢٠١٩ پاڵەوانێتـــی تۆپـــی دەســـتی یانەکانـــی کوردســـتان بـــە بەشـــداری ٢٠ یانـــە لـــە شـــاری ســـلێمانی دەســـتپێدەکات و تـــەواوی ئامـــادەکاری ســـەرکەوتنی پاڵەوانێتییەکـەش کـراوە کـە بریـارە بـە یـەک قۆنـاغ بەڕێوەبچێـت .

سـەرۆکی یەکێتـی تۆپـی دەسـتی کوردسـتان ئەوەشـی خسـتە ڕوو، مـاوەی چەنـد سـاڵێکە بـە هـۆی قەیرانـی دارایـی پاڵەوانێتـی تۆپـــی دەســـت بەڕێوەنەچـــوو، ئـــەوەش بـــووە بـــە هـــۆکاری هەڵوەشـــاندنەوەی زۆری تیپـــەکان لـــە یانـــەکان و کاریگـــەری لەســـەر ئاســـتی یاریـــزان و پاڵەوانێتییەکـــەش دروســـت دەکات .

بێجـان ئیبراهیـم باسـی لەوەشـکرد، هەوڵـدەدەن بـە باشـترین شـــێوە پاڵەوانێتییەکـــە بەڕێوببـــەن و چاویـــان لـــە دەرکەوتنـــی چەندیـن یاریزانیـش دەبێـت کـە ئاسـتێکی بـەرز پێشـکەش بکـەن .

یارییەکانـــی پاڵەوانێتییەکـــەش ڕۆژانـــە لـــە کاتژمێـــر ٢-٤-٦ لـــە هۆڵـــی داخـــراوی یانـــەی ســـلێمانی و پێشـــمەرگەو ئاشـــتی بەڕێوەدەچێـت و پـاش کۆتایـی هاتنـی قۆناغـی یەکـەم چـوار تیپـی چوارگۆشـــەی زێرینـــی پاڵەوانێتییەکـــە دەردەکەوێـــت .

مـــاوەی چەنـــد رۆژێکیشـــە تـــەواوی تیپـــەکان مەشـــقەکانیان چـڕ کردۆتـەوە تاوەکـو بتوانـن لـە پاڵەوانێتییەکـە ئەنجامـی بـەرز بەدەســـتبهێنن .

**یاخـود دەتەوێـت هەواڵێکـی پێـش دەسـتپێکی یارییەکـی تیپـی تۆپی پێـی یانـەی سـلێمانی بەشـدار لـە خولـی بـژاردەی تۆپـی پـێ عێـراق بکەیتـە هـەواڵ یـان راپۆرتێـک ئـەوە بـەم شـێوەیە دەبێـت**

## سلێمانی میوانداری شورتە دەکات

سلێمانی –هەرێز جەمال

تیپـی تۆپـی پێـی یانـەی سـلێمانی میوانـداری یانـەی شـورتەی شـاری بەغـداد دەکات لـە چوارچێـوەی یارییەکانـی گـەڕی دەیەمـی خولـی نایابـی عێـراق .

یارییەکـە رۆژی هەینـی ٢٠-٩-٢٠١٩ لەنێـو یاریگـەی یانـەی سـلێمانی لـە کاتژمێـر ٤:٠٠ـی پاشـنیوەڕۆ دەسـتپێدەکات .

سـلێمانی لـە چـوار یـاری رابـردووی خولەکـە سـەرکەوتنی تۆمارنەکـردووە بـە جۆرێـک خاوەنـی دوو شکسـت و دوو یەکسـانە .

رازی شنەیشـل، راهێنـەری سـلێمانی لەسـەر یارییەکـەی یانەکـەی بەرامبـەر شـورتە وتـی ، گۆرانکارییەکـی تـەواوم لـە پێکهاتەکـەی تیپەکـەم کـردووە بـە سـوود وەرگرتـن لـە هەڵەکانـی چـوار یـاری رابـردوو دەبێـت بـۆ ئـەم یارییـە چارەسـەری ئـەو هەڵانـە بکرێـت و یاریزانـەکان دووبـارەی نەکەنـەوە .

سـلێمانی پێـش دەسـتپێکی ئـەم یارییـە خاوەنـی ٢٤ خاڵـە لـە پلـەی هەشـتەمەو شـورتەش بـە کۆکردنـەوەی ٤٧ خـاڵ لـە پلـەی دووەمـە بـە جیـاوازی خاڵێـک لـە تەڵەبـەی پێشـەنگی خولەکـە دوورە .

بـۆ یارییەکـەی ئەمـرۆ سـلێمانی بێبـەش دەبێـت لـە دوو یاریزانـی ئەویـش هێمـن کەمالـە بـە هـۆی پێـکان و محەمـەد سـەعدونیش بـە هـۆی بوونـی سـێ کارتـی زەردەوە ناتوانێـت بەشـداری یارییەکـە بـکات.

**ئـەوەی سـەرەوە نموونـەی دوو هەواڵـە کـە رۆژنامەنـووس دەتوانێـت پێـش پاڵەوانێتییەکـە یـان یارییەکـە بـۆ خوێنـەری بگوازێتـەوە .**

پـاش ئـەوەی پاڵەوانێتییەکـە دەسـت پـێ دەکات رۆژنامەنـووس فۆکسـی هـەواڵ و راپۆرتەکانـی لەسـەر پاڵەوانێتییەکـەو بەرێوەچـوون و ئەنجامەکانـی دەبێـت ، دەبێـت لـە هـەر پاڵەوانێتییـەک یـان یارییەکـی جیـاواز زۆر بـە ئاگـا بێـت لـە سیسـتمی بەرێوەچوونـی پاڵەوانێتییەکـە ، ئـەو سیسـتمەش لـە کۆبوونـەوەی هونـەری هـەر پاڵەوانێتییـەک بـە رێککەوتنـی یەکێتـی و لقـە وەرزشـیەکان لەگـەڵ راهێنەرانـی تیپـەکان دەکرێـت و رێـک دەکـەون لەسـەری ، هـەر لەسـەرەتایی پاڵەوانێتییەکـە رۆژنامـەوان دەبێـت ئاگـاداری ئـەو کۆبوونـەوە هونەرییـە بێـت ئەویـش لـە رێگـەی وەرگرتنـی زانیـاری لـە یەکێـک لـە ئەندامانـی ئـەو یەکێتیـە وەرزشـیە یـان لیژنـەی هونـەری پاڵەوانێتییەکـە دواجـار ئەگـەر ئەوانـی بەردەسـت نەکـەوت لـە رێگـەی راهێنەرێـک یـان بەشـداربوویەکی ئـەو کۆبوونەوەیـەوە کـە باشـترە ئەوانـەی یەکـەم بـن کـە باسـم لێکـرد.

پـاش ئـەوەی پاڵەوانێتییەکـە یـان خولەکـە دەسـتپێدەکات رۆژنامەنـووس ئامـادە دەبێـت بـۆ گواسـتنەوەی بابەتەکانـی ، مەرجـە پەیوەسـتی چەنـد خاڵێکـی گرنـگ بێـت کـە بـۆ ئـەوەی بتوانێـت هـەم رۆژنامەوانێکـی وەرزشـی سـەرکەوتوو بێـت لـە یاریگـەو لـە گواسـتنەوەی رووداوەکانـی یارییەکـە.

بەم شێوەیە

**یەکـەم** –رۆژنامەنـووس پێویسـتە لـە سـەرەتایی یارییەکـە تاوەکـو کۆتایـی ئامادەبێـت و لـە دەسـتپێکی یارییەکـە تاوەکـو کۆتایـی بوونـی هەبێـت ،هەرگیـز نابێـت رۆژنامەنـووس یـان هاوەڵەکـەی کـە ئەگـەر کامێرامانــە یــان فۆتۆگــرا لـــە ســاتی بەرێوەچوونـــی  رووداوەکـــە یــان کاتــە جیاوازەکانــی  یارییەکــە شــوێنەکەی چــۆڵ بــکات و دواتــر ئاگـادار نەبێـت لـە چۆنێتـی بەرێوەنەچوونـی رووداوەکانـی یارییەکـە .

**دووەم** – گرنگـە رۆژنامەنـووس پێـش چوونـی بـۆ هـەر چالاکیـەک تــەواوی پێداویســتیەکانی لــە مایــک ، کامێــرا ، ریکــۆردەر  ئامێــری بارگــاوی کردنــەوە ( پــاوەر بانــک) چێــک بکاتــەوەو دڵنیابێــت لــە تــەواوی  پێداویســتیەکانی ، بــۆ رۆژنامەنــووس پێویســتە هەمیشــە دەفتەرێکـی تێبینـی یـان نۆتـی مۆبایلەکەی یـان ئایپادێکـی بەکاربهێنیت بــۆ تۆمارکردنــی گرنگتریــن رووداوەکان کاتەکانــی نێــو یارییەکــە، تاوەکـو دواتـر لـە دارشـتنەوەی هەواڵەکـە، یـان راپۆرتەکەی سـوودی لــێ وەربگرێــت و بەرهەمێکــی کــەم و کــورت بــڵاو نەکاتــەوە .

**سـێیەم** –مەرج نییــە رۆژنامەنــووس یــان ئــەو پەیامنێــرە تەنیــا ببەســتێرتەوە بــە ئەنجامــی یارییەکــەوە و فۆکســی تەنیــا لەســەر ئەنجـام بێـت ، بەڵکـو دەتوانێـت زۆر لایەنـی وردی نێـو یارییەکـە هەیـە کــە روودادەت بیکاتــە نووکــی بەرهەمەکــەی و رەنگــە ئــەو کارەی دەچێـت وەک بابەتـی رۆژنامەوانـی چەندیـن هەواڵـی جیـاواز بابەتـی تــری لــێ بکەوێتــەوە .

**چـوارەم** – لـە خاڵێکـی گرنگـی هەواڵـی وەرزشـی ، وەرگرتنـی راو رای بەرامبــەرە کــە ئەمــە خاڵێکــی گرنگــە ناکرێــت رۆژنامەنــووس لــە بابەتێـک تەنیـا تیپـی بـراوە یـان دۆراوە ئامـاژە پـێ بـدات بـە تەنیـا بەڵکـو دەبێـت هــەردوو تیـپ لـە هەواڵەکـەی یـان راپۆرتەکـەی هەبێـت.

ئەگــەر هەواڵەکەشـــی بــۆ رۆژنامــە یاخــود وێــب ســایت یــان سـۆشـیال میدیـا بـوو ، دەکرێـت بـە شـێوە زانسـتیەکەی هــەواڵ بـۆ ئــەو دوو ژانــرە دابنێــت .

بـەڵام سـتاندارێکی هەواڵـی وەرزشـی جێگیـر هەیـە کە راسـتەوخۆ پەیامنێـر یـان هەواڵسـاز راسـتەوخۆ بڵاویدەکاتەوە وەک ئـەم هەواڵەی خـوارەوە لەسـەر بەرێوەچوونـی یەکەم ماراسـۆنی سـلێمانی .

## ماراسۆنە گەورەکەی سلێمانی
## سەرکەوتووانە کۆتایهات

سلێمانی –هەرێز جەمال

بـە بەشـداری هـەزاران راکـەر لـە ئاسـتە جیـاوازەکان، یەکـەم ماراسـۆنی نێودەوڵەتـی سـلێمانی بـە سـەرکەوتوویی کۆتایهـات.

ئەمـرۆ دووشـەممە بـە بەشـداری زیاتـر لـە هـەزار راکـەر لـە شاروشـارۆچکەکانی کوردسـتان و وڵاتانـی دەرەوە یەکەمیـن ماراسـۆنی نێودەوڵەتـی سـلێمانی بـە سەرپەرشـتی رێکخـراوی ماراسـۆنی ئاشـتی کوردسـتان لقـی سـلێمانی و هەمەئاهەنگـی رێکخـراوی کاری وەرزشـیی بەرێوەچـوو .

لـە ڕاکردنـی شـەش کیلۆمەتـری کـوڕان ، یاریزانی شـاری بەغدادو هەڵبـژاردەی عێـراق محەمـەد حەبانیـە پلـەی یەکەمـی بەدەسـتهێناو بنـار محەمەدیـش پلـەی دووەمـی دەسـتەبەر کـرد

لـە ڕاکردنـی ماراسـۆنی کوڕانیـش ڕاکـەری ئۆلۆمپـی و ئاسـیایی و هەڵبـژاردەی ئێـران محەمـەد جەعفـەر مـورادی پلـەی یەکـەم و مسـتەفا فەرهـاد لـە وڵاتـی تورکیـا پلـەی دووەمـی بەدەسـتهێنا.

لـە راکردنـی ٢١ کیلۆمەتـری پۆسـتەی کچـان یاریزانانـی سـیروانی نـویێ بوونـە پاڵـەوان و یانـەی پێشـمەرگەی سـلێمانیش بـووە دووەم.

پـاش تەوابوونـی ماراسـۆنەکەش چەندیـن چالاکـی هونـەری ئەنجامـدراو لـە کۆتایـش خـەڵات دابەشـکرا بەسـەر پاڵەوانـە سـەرکەوتووەکانی ماراسـۆنەکە.

# شەش پرسیارەکەی پەیامنێـر

دەبێــت پەیامنێــر هەمیشــە ئــەم شــەش پرســیارەی لــە مێشــکدا بێـت تاوەکـو دڵنیـا بێـت هەمـوو رەگـەزە گرنگەکانـی هەواڵەکـەی یـان راپۆرتەکــەی تــەواوە .

**کــێ:**

-کێ لەم رووداوە بەشدارە ؟

-کاریگەری لەسەر کێ هەیە ؟

- کێ دەتوانێت باشتر قسە لەسەر رووداوەکە بکات ؟

-نــاوی چــی کەســێک لــەم رووداوە نەهێنــراوە ؟ ئایــا هیــچ رووخســارێکی هاوبــەش لــە نێوانیانــدا هەیــە ؟

-لەگەڵ کێی تر دەتوانین دەربارەی ئەم رووداوە قسە بکەین .

**چــی :**

-چی روویداوە؟

-خاڵــی گرنگــی ئــەم هەواڵــە چیــە ؟ بەراســتی هەوڵــی وتنــی چــی دەدەم؟

-چی سەرسامی کردم ؟ گرنگترین راستییەک کە زانییم چی بوو

-خوێنــەر بینــەرو بیســەر بــۆ تێگەیشــتن لــەم هەواڵــە پێویســتی بــە چــی شــتێکە ؟

-مێژووی ئەم بابەتە چییە ؟ دوای ئەوە چی روو دەدات ؟

-لەمبارەیەوە خەڵک دەتوانن چی بکەن ؟

**لەکوێ:**

-رووداوەکە لە کوێ روودەدات یان لە کوێ روویدا ؟

-بۆ تەواوکردنی چیرۆکە هەواڵەکە دەبێت بۆ کوێ بڕۆم

-ئاراستەی رووداوەکە بەرەو کوێیە ؟ کۆتاییەکەی چۆن دەبێت ؟

**کـەی :**

- رووداوەکە کەی روویدا ؟

- کەی خاڵی وەرچەرخانی رووداوەکە روویدا ؟

-بۆ رووماڵکردنی ئەم رووداوە چی کاتێک گونجاوترە ؟

**بۆچی :**

-بۆچـی ئەمـە روودەدات ؟ئایـا تەنیـا رووداوێکـی سـەربەخۆیە یـان بەشـێکە لـە زنجیـرە رووداوێـک ؟

-بۆچی خەڵک بەم چەشتە رەفتار دەکەن ؟ پاڵنەرەکانیان چین؟

-بۆچی دڵنیام کە چیرۆکە هەواڵەکە راستە

**چۆن :**

-رووداوەکە چۆن روویدا؟

-بەهۆی کاریگەری ئەم رووداوە، شتەکان چۆن دەبن ؟

-ئەم چیرۆکە هەواڵە چۆن یارمەتی جەماوەر یان کۆمەڵگە دەدات؟

-ئەم زانیارییانەم چۆن بەدەستهێناون ؟

-خوێنەر چۆن ئەم چیرۆکە هەواڵە بۆ کەسێکی تر دەگێڕێتەوە؟

# گەیاندنی هەواڵ لە سۆشیال میدیاوە

لە ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی هۆیەکانی گەیاندنەوە، سۆشیال میدیا لە هەرەپێشترین و گرنگترین هۆیەکانی گەیاندنە ، یەکەم هۆیە کە دەتوانرێت پەیامی تێدا بڵاوبکرێتەوە تەنانەت پێش تەلەفزیۆن و رۆژنامەو رادیۆکان لە زۆر کات، بۆ ئەمەش رۆژنامەنووس دەبێت تەواو شارەزای سۆشیال میدیا بێت و زۆر ترین پەیامە خێراکانی تێدا بڵاوکاتەوە لە رێگەی فەیسبووک، تویتەر، ئینستاگرام ،گروپە چاتیەکانی سۆشیال میدیا ڤایبەر، تلیگرام، ماسنجەر ، بۆ نموونە رۆژنامەنووس لە پاڵەوانێتییەکە یان لە یارییەکە، راستەوخۆ بەهۆی بوونی هێڵی ئینتەرنێتەوە گرێدراو بە موبایلەکەی یان کۆمپیوتەر یان تابلێتەکەی لە رێگەی ئەو هۆیانەی باسمان کرد دەتوانێت گرنگترین رووداوەکانی یارییەکە بگوازێتەوە لە پەڕە جیاوازەکانی ئەو سۆشیال میدیایەوە .

بۆ نموونە ئەگەر هەبوو راستەوخۆ پێکهاتەی تیپ ئەگەر یارییەک بوو ئەگەر لە پاڵەوانێتییەک پرۆگرامەکانی پاڵەوانێتییەکە بەردەست ، ئەگەر لە یارییەکی وەک تۆپی پێ بوو گرنگە لەگەڵ تۆمارکردنی گۆڵ یاخود هەندێ حاڵەتی پێویست گۆڵەکان و ناوی یاریزان هەر حاڵەتێکی تر بە کەمترین ووشە پۆست بکات،گرنگە بەهێزی بابەتەکەشی بە بوونی وێنەوە یان ڤیدیۆوە بەو مەرجەی بابەتەکانی مافی کۆپی رایتی لەسەر نەبێت ، یان زۆربەی کات ئەگەر رێگە پێدراو بێت و ئەو مافی کۆپی رایتی لەسەر نەبێت دەتوانێت تەواوی کارەکە بە راستەوخۆ بگوازێتەوە.

## گەیاندنی هەواڵی وەرزشی جیهانی
## وێب سایت  و  سۆشیال میدیاوە

ئەمـــەی ســـەرەوە ئێســـتە بەربڵاوتریـــن و خێراتریـــن هۆکارەکانـــی بڵاوکردنەوەیـــە واتـــە هیـــچ کات چاوەڕێـــی کات نـــاکات بـــۆ درەنـــگ بڵاوبوونـــەوەی راســـتەوخۆ ئەوبەرهەمـــە لەپەڕەکانـــی سۆشـــیال میدیـــا هەریەکـــە فەیســـبووک، تویتەر،ئینســـتەگرام ، ســـناپ چـــات بڵاودەکرێتـــەوە .

لێـــرە ئـــەو رۆژنامەنووســـەی کـــە هەواڵســـاز یـــان پەیامنێـــرە لـــە لایـــەن ئـــەو وێـــب ســـایتەی کاری تێـــدا دەکات و ئەدمینـــە لـــە پـــەڕە تایبەتیەکانـــەوە ئـــەم هەواڵانـــە راســـتەوخۆ بڵاودەکاتـــەوە بـــۆ ئەمـــەش رۆژنامەنـــووس دەبێـــت تـــەواو بـــە ئاگـــا بێـــت لـــە رووداوە وەرزشـــیەکان ســـات بـــە ســـات و بـــە کەمتریـــن مـــاوە داببڕێـــت هەمیشـــە  بـــە ئاگـــا بێـــت لـــە بەرێوەچوونـــی پاڵەوانێتییـــەکان ، کاتـــی یارییـــەکان، ئەنجامـــی ســـات بـــە ســـاتی یارییـــەکان ، کاردانـــەوەکان ، هەواڵـــی پێکانـــی یاریزانـــان ، هەواڵـــی گواســـتنەوەی یاریزانـــان راهێنـــەران   دەستلەکارکێشـــانەوەی کارگێـــری و راهێنـــەران یـــان هـــەر هەواڵـــی گشـــتی کـــە بایەخـــی بـــڵاو کردنـــەوەی هەبێـــت ، لێـــرەدا ئـــەو کەســـە ســـات بـــە ســـات ئاپدەیتـــی پەڕەکـــە دەکات بـــە زانیـــاری و وێنـــەی تـــەواو یاخـــود لـــەو وێـــب ســـایتەی لەبەردەســـتیدایە ، چونکـــە سروشـــتی کارکـــردن لـــە پەیجـــەکان و وێـــب ســـایت ئاپدەیتکردنـــەوەی ٢٤ کاتژمێـــری بەردەوامـــە بـــۆ نموونە یارییـــەک لـــە یانـــزەی شـــەو کۆتایـــی دێـــت لـــە خولەکانـــی جیهـــان بـــەدەر لـــەوەی راســـتەوخۆ دەبێـــت بـــە پۆســـتکردن لـــە پەیجەکـــە هەبێـــت بـــە چەنـــد خولەکێـــک پـــاش کۆتایهاتنـــی هەواڵەکـــەش لـــە  وێـــب ســـایتەکە هەبێـــت و لینکەکـــەی پۆســـت بکرێـــت .

بـــۆ نموونەیەکـــی ســـادە ، کۆمپانیـــای نایـــک درێســـەکانی بەرشـــەلۆنە بـــۆ وەرزی داهاتـــوو نمایـــش دەکات راســـتەوخۆ تـــۆ چەنـــد وێنەیەکـــی

دریێســەکەی بەرشــەلۆنە لــە پەیجەکــەت یــان ئەکاونتــە جیــاوازەکان دادەنێیــت و ئامــاژەی پــێ دەکەیــت وەک ئەمــەی خــوارەوە .




لینکە هەواڵەکانیش بەم شێوەیە



## پاڵەوانێتییە عەرەبییەکان

ئـەم پاڵەوانێتییانــە تایبەتــە بــە وڵاتانــی عــەرەب و ژمارەیــان لــە نزیکــەی ٢٠ وڵات دەبێــت ، لــە زۆربــەی پاڵەوانێتییــەکان نیــوەی ئــەو وڵاتانــەش بەشــداری ناکــەن ، دەبێــت رۆژنامەنــووس ئاگــادار بێــت لــەوەی بەشــی زۆری ئــەو پاڵەوانێتییانــە لــە ســتانداری کارنامــەی لیژنــەی ئۆلۆمپــی جیهانیــی نیــن و باوەرپێکــراو نیــن هــەر بــەو هــۆکارەش ئــەم پاڵەوانێتیانــە وەک پاڵەوانێتییەکــی دۆســتانە مامەڵەیــان لەگــەڵ دەکرێــت .



## پاڵەوانێتییە کیشوەرییەکان

ئـەم پاڵەوانێتییانـە بەشـی زۆریـان باوەرپێکراوی لیژنـەی ئۆلۆمپی جیهانیـن و ژمـارە لـەم پاڵەوانێتییانـە هەڵبـژاردەکان یاریزانـان بـە گرنگیـەوە لێیـان دەروان چونکـە بەشـی زۆری ئەنجامـەکان و ژمارەکانیـان پێـوەرە بـۆ سـەرکەوتنیان بـۆ پاڵەوانێتییە جیهانیـەکان و ئۆلۆمپییـەکان ، هـەر لەسـەر پێـوەری ئـەم کیشـوەرییەش پالاوتنـەکان بـۆ خولـەکان دەکرێـت ، بـەدەر لـەو پاڵەوانێتیانـەش بەشـی تـەواوی کیشـوەرەکان ئۆلۆمپیـادی کیشـوەرەکانیان هەیـە بـۆ نموونـە ، یارییەکانـی ئاسـیاد ، یارییەکانـی ئەمریـکای باشـوور، یارییەکانـی ئەفریقیـا، یارییەکانـی کۆمنلوێـس، یارییەکانـی ئەوروپا،یارییەکانـی ئەمەریـکای باکـوور کـە ئەمـەش هاوشـێوەی ئۆلۆمپیـادی بچووکراوەیـە ، ئەمـە تەنیـا یارییـە بەکۆمەڵەکانیـش ناگرێتـەوە بەهەمـان شـێوە خولەکانیـش دەگرێتـەوەو بـەو شـێوەیە مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت .







ASIAN GAMES
2018



COPA
AMÉRICA
BRASIL
VERANO 2019
COPA AMERICA
BRASIL 2019
TELEMUNDO

وەک پێشــتر ئاماــاژەی بــۆ کــراوە لــەو وێــب ســایتەی تایبــەت دەکرێــت بــەم پاڵەوانێتییانــە رۆژنامەنــووس مافــی رووماڵکردنــی دەبێـت بـە هەمـان ئـەو رێگایانـەی بـاس کـراوە دەتوانرێـت داواکاری پێشـکەش بکەیـت بـۆ قبوڵکـردن بـە پێـی ئـەو مەرجانـەی رێکخـەران دایــان نــاوە تــۆ پابەنــد دەبیــت و وەک رۆژنامەنووســێکی بیانــی مامەڵــەت لەگــەڵ دەکرێــت .

## پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتیەکان

ئەمــە دیارتریــن و بەربڵاوتریــن ئــەو پاڵەوانێتییانەیــە لــە مــاوەی رابــردوو پــەرەی ســەندووە بــە جۆرێــک پەلی بــۆ ســەرجەم یارییەکان کێشــاوەو زۆر کاتیــش ئــەو وڵاتانــەی خــاوەن کیــان نەبــوون بــۆ نموونــە کوردســتان بــە نــاوو ئــاڵای کوردســتان بەشــداریان کــردووە یاخــود لــە نــاو کوردســتان بــە بەشــداری چەنــد وڵاتێکــی دراوســێ پاڵەوانێتییــەک کراوەتــەوەو پاشــگری نێودەوڵەتــی گرتــووە .






رۆژنامەنووسی ( لۆکالی) لێرەدا دەبێت زۆر ورد بێت لە وردو درشتی ئەو پاڵەوانێتییە پۆلێنبەندی لە رووی بەهێزی و لاوازی بکات ، زۆر کات لەم پاڵەوانێتییانە لە یارییە تاکیەکان بۆ نموونە یاریزان تەنیا لە یەک یاری بەشداری دەکات راستەوخۆ ئەنجامێک دەباتەوە، ئەم هەواڵە یان ئەو ئەنجامە نابێت لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورەتر بکرێت و رۆژنامەنووس نابێت لە بەرگی پیشەکەی بێتە دەرەوەو بکەوێتە ژێر رکێفی هەست و سۆزەو پاڵەوانەکە بە قارەمانێکی جیهانی وێنە بکات .

چونکە گەیاندنی راست و دروستی هەواڵەکە لە ئەستۆی رۆژنامەنووس دەبێت .

# وتاری وەرزشی

وتارنووسین بەشێکی گرنگە لە ژانرەکانی رۆژنامەنووسی، هاوشێوەی رۆژنامەگەری تایبەتمەندیش وتار نووسین دابەش دەبێت بەسەر سەرجەم جۆرەکانی رۆژنامەوانی تایبەتمەند و وتاری وەرزشیش یەکێک لەو ژانرانە .

**پێش نووسینی هەر وتارێک دەبێت رەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکرێت تاوەکو سەرجەم بنەماکانی وتاری تێدا بچەسپێت.**

١-ناونیشان : پێش نووسینی هەر وتارێک بوونی ناونیشان مەرجێکی گرنگەو بە دلی بابەتەکە هەژمار دەکرێت و راستەوخۆ خوێنەر راپێچی خوێندنەوەی بابەتەکە دەکات و دوای ناونیشان راستەوخۆ دەبێت لە ژێر ناونیشان ناوی کەسی وتار نووس بهێنرێت، پاشان دەستبکرێت بە نووسینی بەشی یەکەمی وتارەکەو لە هەر دێرێک و برگەیەک دەبێت رەچاوی خالبەندی و زمانزانی بکرێت و بە زمانێکی پاراوو بێ پێچ و پەنا بنووسرێت .

٢-هەلبژاردنی بابەت : هەلبژاردنی بابەتێک گرنگە بۆ نووسەر،ئەو کەسەی وتارێک دەنووسێت دەبێت هۆکارەکەی بزانێت بۆ دەنووسێت .

٣-ئامانج : ئامانجی نووسینی وتارەکەی چییە، بۆ کێی دەنووسێت و بۆچی دەنووسێت و بابەتی وتاریش زۆر کات دەبێت دوو ئامانجە لەسەر بابەتی رۆژ یان زیاتر کێشەیەک یان دیاردەیەک .

٤-کرۆکی وتار : کرۆکی وتار دەبێت پەیوەست بێت بە بابەتێکەوە

گەڕانــەوە نەبێــت بــۆ گێڕانــەوەی چیــرۆک و یــادەوەری و تێکەڵکردنــی بابەتــەکان و پرســەکان لــە نــاو بابەتێــک .
٥-گەڕانــەوە بــۆ بابەتەکــە : هــەر وتارێــک کــە دەنووســرێت پێویســتە لەســەر کەســی وتــار نــووس چەنــد جارێــک پێداچوونــەی بــۆ بــکات ، چەنــد جارێــک رســتەکان بخوێنێتــەوە هەندێــک جــار دروســت دەبێــت لــە کاتــی پێداچوونــەوە بــە نووســینەکە واتــاکان یــەک ناگرنــەوە یاخــود خاڵبەنــدی و زمانەوانــی پێویســتە چــاک بکرێتــەوەو ووشــەو رســتەی زیــادەش کەمبکرێتــەوەو بســڕێتەوە .

ئەمــەی خــوارەوە نموونــەی یەکێــک لــە وتارێکــی رەخنەیــە کــە رۆژی ١٦-٢-٢٠١٩ لــە بەشــی وەرزشــی ماڵپــەری میللــەت بڵاوکراوەتــەوەو یەکێکــە لــە پربینەرتریــن وتــارە خوێنــدراوەکان لــە میدیــای کــوردی .

## نووسینی وتار دەربارەی ڕووداوە جیهانیەکان

وتــاری وەرزشــی نێودەوڵەتــی یــان جیهانــی جیاوازتــرەو هەندێــک ســتانداری هەیــە لــە ناوخــۆ لــە جیهانــی ئازادتــری ... ئەمــەی خــوارەوە نموونــەی وتارێکــە کــە بــۆ جیهانــی پێشــتر بــڵاو کراوەتــەوە

## بەرازیل وەستانی قورسە ، بەس متمانەی کەمە

هەرێز جەمال

ناوەراســتی ئــەم مانگە یارییەکانــی جامی جیەانی لــە گەرمەی وەرزی هاویــن لــە یەکێک لە ســاردترین وڵاتەکانی ســەر کیشــوەری گــۆی زەوی دەستپێدەکات.

تـۆ هەمیشـە کـە بـاس لـە جامـی جیهانـی دەکەیـت بـێ سـێ و دوو ڕاسـتەوخۆ هەواڵـی بەرازیل دەپرسـیت، ئاخر بەرازیل تاکـە هەڵبژاردەیە بـە درێـژای مێـژوو لـەم کەرنەڤاڵـە مەزنـە دانەبـراوە کـە منـداڵ و لاوو پیـرو ژنانیـش بینەرین.

بەرازیـل زۆرتریـن کات چۆتـە سـەر سـتەیجی نازناوەکانـی بەرزکردنـەوەی ئـەو جامـە ئاڵتونیـە کە پێنج جـارە، هەر ئـەوەش وای لە پاڵەوانێتییەکـە کـردووە هەمیشـە هەڵبـژاردە زەردەکـە بە خوێی چێشـتی جامـی جیهانـی نـاو ببـەن.

بەرازیلـی سـاڵی ٢٠٠٢ بـە لەقەلـەق گەیشـتە جامـی جیهانـی لـە پاڵاوتنـەکان ، وەک ڕۆژی ڕوونـاک بیرمـە بەرپرسـانی تۆپـی پێی جیەان لەرزیـان لـێ هاتبـوو لـەوەی ئەگـەر زەردپۆشـەکان نەکـەن چونکە باش دەیـان زانـی ئیتـر ئـەو مۆندیالـە تـام و بـۆن و چێـژی پاڵەوانێتییەکـی دۆسـتانەش نـادات.

بەرازیـل ١٦ سـاڵە دوورە لـە بەرزکردنەوەی جامـە ئاڵتونیەکە ، ئاخر لـەو ماوەیـە بـەدواوە هەمیشـە بەرازیل بووە شـێرێکی بریندار بـەڵام لەم کۆتاییـە بەرازیـل بـە توانایەکـی بەهێـزەوە هەسـتاوەتەوەو مـاوەی دوو سـاڵێکە سـوکانی ڕێگـەی ڕاسـتی گرتۆتەوە دەسـت و خەریکـە دەبێتەوە یەکـەم هەڵبـژاردەی بەهێـزی جیهـان، کورانـی تیتـی تـەواو ئامـادەن بـۆ مۆسـکو سانپترسـبۆرگ و شـارەکانی ڕووسـیا، ئاخـر بەرازیـل و جامی جیهانـی دوانەیەکـی لێـک دانەبـراون لـە مێـژوودا بۆیە هەموو چـاوەکان لەسەریانە

نزیـک دەبمـەوە لە چارەکـە سـەدەیەک بینـەری یارییەکانـی بەرازیلم و لــە نزیکـەوە لـە یاریگـەوە بینـەری یارییەکانـی ئـەو هەڵبژاردەیـە بووم هەرگیـز بەرازیلـی وا بەهێزم نەبینیـووە، نەیمار کە تـۆپ دەگرێت دەتباتە جیهانێکـی دیکـەی تـام و چێـژەوە بـەڵام بـا ڕاسـتگۆ بیـن هیـچ شـتێک لـە وەرزش و تۆپـی پـێ گرەنتـی نییـە، مێـژووی تۆپـی پێـی بەرازیـل بخوێنـەرەوە ئاخـر ەیـچ بەرازیلێک نەبووە بـە قەد بەرازیلی سـاڵی ١٩٨٢

بەهێـز بووبێـت بـەڵام لـە قۆناغـی کۆمەڵـەکان ئـاوت دەکرێت

بـۆ بەرازیلـی ئـەم هاوینـەش ترسـێک هەیـە لای مـن کـە لە ئێسـتاوە بـا بەرازیـل بـەو هێـزە زل و حسـاب بۆنەکردنـی کەسـەوە نەچێتـە یاریگـەوە چونکـە رەنگە سـاتێک لـە سـاتەکان گورزێکی کوشـندە بێت لە هەڵبژاردەکـە وەک دیمەنـی پێکانەکـەی نەیمـار لە جامـی جیهانی ٢٠١٤ و شـەرەکەی نیمـۆ لە کۆپا ئەمەریکای ٢٠١٥ کە پشـتی بەرازیلیان شـکاند .

سـەرباری سـەرجەم ئـەو ترسـانەش دڵنیابـن بەرازیلـی هاوینـی ئەمسـاڵ بەهێزتریـن و پـڕ چێژتریـن هەڵبـژاردەی مێـژووی جامەکانـی جیهانـی دەبێـت.

## تایبەتمەندییەکانی پەیامنێری سەرکەوتوو

رۆژانــە دەیــان  بگــرە ســەدان رووداوی جۆراوجــۆر لــە جیهــان روو دەدەن، کــۆی ئــەو رووداوانــەش بــە جۆرێــک لــە جــۆرەکان پەیوەنــدی بــە ژیانــی رۆژانــەی ئێمــەوە هەیــە.

لێـرەدا پەیامنێـری سـەرکەوتوو دەبێـت ئـەو بابـەت و رووداوانـە هەڵبژێرێـت کـە دەبنـە مایـەی گرنیگـی پێدانـی خەڵـک .

## پەیامنێری سەرکەوتوو
## خاوەنی ئەم تایبەتمەندێتی و مەرجانەیە

**١-بۆنکردنی هەواڵ**

ئــەم ســیفەتەیە کــە توانــا دەبەخشــێتە پەیامنێــر بــۆ جیاکردنــەوەی باشــترین بابــەت لــە باشــترو باشــتر لــە بــاش و بــاش لــە خــراپ .

**٢- گەڕان بە دوای هەواڵ**

هـــەواڵ ئـــەوە نییـــە کـــە بـــۆ لای پەیامنێـــر دێـــت بگـــرە ئـــەوە پەیامنێــرو رۆژنامەنووســانن دەبێــت بچــن بــۆ لای هــەواڵ و بــە دوایانــدا بگەرێــن ، پەیامنێــر دەبێــت چاوەڕوانــی هــەواڵ نــەکات بەڵکــو خــۆی بــەدوای هــەواڵ بگەرێــت ، بــۆ ئــەوەش توانــاو لێهاتــووی خــۆی و پەیوەندییەکانــی بــە لێپرســراوان و خەڵکــەوە بخاتــە گــەڕو ســودیان

لێوەربگرێت لـە دەستخسـتنی زانیـاری و هـەواڵ ، چاودێـری کردنـی کەناڵەکانـی راگەیانـدن و وریایـی و چوونـە نـاو خەڵـک لـە رێگەکانـی سـەرەداوی دۆزینـەوەی هەواڵـن ، دەبێـت پەیامنێـر لـە رووداو و گۆرانکاریـی و پێشـهاتەکان بـە ئاگـا بێـت

گرنگـە پەیامنێـر لـە دوای کارەکانـی رۆژانـەی خـۆی سـەرقاڵی خوێندنـەوەو بەدواداچـوون لـە کەناڵەکانـی تـرو دونیـای سۆشـیال میدیـا بـکات .

٣-**سـەرەکیترین** تایبەتمەندێتـی پەیامنێـر ئەوەیـە کـە خەسـڵەتێکی باشـی کۆمەڵایەتـی هەبێـت و تێکەڵـی هەمـوو چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـە بێـت، پێویسـتە وزەی هەواڵناسـینی خـۆی زیادبـکات و تێکەڵـی خەڵـک بێـت

**٤-دروستکردنی متمانە لە لای خەڵک و سەرچاوە**

بەدەسـتهێنانی متمانـەی خەڵـک و سـەرچاوە کارێکـی هێنـدە ئاسـان نییـە بۆیـە پەیامنێـر و بـۆ گەیشـتن پێیـان چەنـد ساڵێک ئەزموونـی رۆژنامەوانی،دەبێـت پەیامنێـر لـە نـاو تـۆری فراوانـی کۆمەڵایەتیـدا رێگـەی خـۆی بدۆزێتـەوە بـۆ گەیشـتن بـە زانیارییـەکان و ئاشـنایی لەگـەڵ ئـەو کەسـانەی کـە سـەرچاوەی هەواڵـن دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی دڵنیایـی لـە لای پەیامنێـرو هەواڵـدەر دەتوانـن هـاوکاری یەکتـر بکـەن .

چەنـد بنەمایەکـی تریـش کـە تـەواوکاری ئـەو خاڵانـەی سـەرەوەن کـە ئەوانیـش پێکهاتـوون لە پاراسـتنی سـەرچاوەی نهێنـی ، لێکۆڵینەوە لـە ئەرشـیف و دیکۆمێنتـەکان ، تەواوکردنـی زانیارییـەکان ، خێـرای لـە کاردا، پاراسـتنی بنەماکانـی بێلایەنـی ، رەفتـاری کۆمەڵایەتـی گونجاو)

# راپۆرتی وەرزشی

راپۆرتی رۆژنامەوانی وەرزشـی هەمیشـە لە ( یارییـەکان ، کۆبوونەوەکان ، هاتنی شـاندەکان ، رۆیشـتن تا دوایی.... ) دروسـت دەبێت .

بـۆ نموونـە هەفتـەی داهاتـوو لـە شـاری سـلێمانی دووەمیـن ماراسـۆنی نێودەوڵەتی سـلێمانی بەرێوەدەچێـت و داواکراوە ریپۆرتـەر بـۆ رۆژنامەکـەی یاخود وێب سـایتەکەی کاری تێـدا دەکات پێش وادەی ئـەو هەفتەیـە راپۆرتێـک ئامـادە بـکات .

بۆیـە راسـتەوخۆ ریپۆرتـەر یەکـەم هەنگـاوی سـەردانیکردنی رێکخەرانـی ماراسـۆنی دەبێـت ، دەبێـت لـەوێ لێدوانـی سـەرۆکی رێکخـراوی ماراسـۆنەکە وەربگرێـت لـە بـارەی ئامـادەکاری تـەواوو چۆنێتـی بەرێوەچوونـی ماراسـۆنەکەو کارەکانـی لیژنـەی بـاڵای ماراسـۆن، دواتـر گرنگـە بگەرێتەوە بۆ ئەرشـیف یان راسـتەوخۆ لەوێ هـەر زانیـاری وەربگرێـت لـە بـارەی یەکـەم ماراسـۆنەوە لـە رووی بەشـداریکردن و بەرێوەچوونـی ئـەو ماراسـۆنە کە لێـرەدا ژمارە رۆلی سـەرەکی دەبینێـت .

پاشـان تـا بتوانێـت لێدوانـی لیژنـەی هونـەری یـان کارگێـری راپۆرتەکـەی پـێ دەوڵەمەنـد بـکات .

پـاش ئـەوەی ماراسـۆنەکە بەرێوەچوو ، هەر لەوێـدا رۆژنامەنووس یـان ریپۆرتەرەکـە دەتوانێـت راپۆرتی تـەواو ئامـادەکات ، ئەویش پێش دەسـتپێکی ماراسـۆنەکە لـە خاڵـی دەسـتپێکەوە ئامـادە بێـت ، دواتـر گرنگـە ئاگـای لـە وردو درشـتی بەرێوەچوونـی ماراسـۆنەکە بێـت لـە

ماوەی ماراسۆنەکە ڕێژەی بەشداریکردن دواتر بە وردی لە لایەن لیژنەی باڵاوە ئەنجامی یەکەم و دووەم و سێیەم ئەگەر کرا تا دەیەمیش وەربگرێت .

لەوێش گرنگە هەر سەرەتا پاش خاڵی کۆتایی لێدوانی تەواوی پاڵەوانەکان وەربگرێت و هەستی ئەو یاریزانە بۆچوونی سەبارەت بە ئاستی ماراسۆنەکەو دواتریش لێدوانی ڕاهێنەرەکە لە رووی ئامادەکاری ئەو یاریزانەو هەروەها ئامانجی سەرکەوتنیان پاش ئەو ماراسۆنە، دواتر گەڕانەوە بۆ ڕێکخەرانی ماراسۆن و وەرگرتنی لێدوانیان لەسەر بۆچوونیان لە ئاستی بەڕێوەچوونی ماراسۆن .

## چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی

چاوپێکەوتنـی رۆژنامەوانـی بـە یەکێـک لـە هـەرە پایـە گرنگەکانـی کایــەی رۆژنامەوانــی دادەنرێــت لــە ســەرجەم کاتــەکان ئــەو ژانــرە بەهێـزە چوارچێوەیەکـی تایبەتـی لـە نێـو رۆژنامەوانـی و میدیـا گرتووە .

### کاتی چاوپێکەوتنی وەرزشی

رەنــگ بێــت زۆر کات هەمــوو کەســێک یــان وەرزشــکارێک تــۆ بکەیتــە چاوپێکەوتنێکـی رۆژنامەوانـی چونکـە هەندێـک کـەس هەیـە یـان کەسـایەتیەکی بەهێـزو خـاوەن بریـارو گرنـگ نەبـن بـۆ خوێنـەرو تەنیـا خوێنەرێـک یـان چەنـد بینەرێکـی هەبێـت بۆیـە رەنگـە ئەگـەر چاوپێکەوتنەکــەش ئەنجامبدرێــت و کرۆکــی بەهێــز تۆبیــت بــەڵام ســەرەنجام ســەرکەوتوو نابیــت ، چونکــە پێــش هــەر چاوپێکەوتنێــک دەبێـت بەرامبـەر و بابەتەکـەی داتنـاوە بـۆ چاوپێکەوتـن شـەن و کـەوی بەهێـزی بکەیـت و بـە دوورو نەگـی مەزانـە ئەگـەر پرسـیاریش لـە چەند کەسـێکی شـارەزا بکەیـت بـۆ ئـەو چاوپێکەوتنـە کـە لەسـەر کەسـێکە .

### کەی چاوپێکەوتنێکی وەرزشی دەکەیت؟

کاتێـک چاوپێکەوتنێـک دەکەیـت دەبێـت بابەتەکـە پەیوەندییەکـی بــە گەرمتریــن رووداوی رۆژ و کات هەیــە ئــەم جــۆرە دیدارانــە زیاتـر چاویـان لەسـەرە، بـۆ نموونـە ، یەکێتـی تۆپـی پێـی کوردسـتان بریاریـداوە لـە سـەرەتای مانگـی ٩ــی ئەمسـاڵ پاڵەوانێتـی یانەکانـی

کوردستان رێک بخات ، بۆ ئەوەش پێویستە دەست و برد پەنا بەریتە بەر بەرزترین کەسی بریار دەرو بە ئاگا لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کە ئەویش سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ، تەواوی پرسیارەکانت بە چڕی لەسەرۆکی یەکێتییەکە بکەی لەسەر ئەو پرسیارانەی کە وەڵامەکانیان لە لای ناوەندی وەرزشی و خوێنەر دیار نییە ، وەک چۆنێتی ئامادەکارییەکان، سیستمی پاڵەوانێتییەکە پلانەکانیان بۆ سەرخستنی پاڵەوانێتییەکە زۆر پرسیاری وردترو درشتر ئاگادار ببە لە کاتی چاوپێکەوتنەکە زۆر جار لە نێو وەڵامەکان پرسیاری تر دروست دەبێت کە ئەمەش هۆکارە بۆ دەوڵەمەندبوونی چاوپێکەوپێکەوتنەکەت.

چاوپێکەوتنی کەسێتیش جۆرێکە لە جۆرەکانی چاوپێکەوتن، لە چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی وەرزشی کە ئەمە تایبمەندیەکی جیاوازی هەیە لە چاوپێکەوتنێکی گشتی، بە تایبەت ئەگەر کەسێتییەکە زۆر دیارو خاوەن ئەنجام بێت و چاوی زۆر لەسەر بێت ، ئەم جۆرە دیدارانە پێوەری سەرکەوتنی لە لای رۆژنامەنووسەکە دەبێت کاتێک ئەو کەسە چەندین نهێنی شاراوەو چەندین تەوەری نەبیستراو ئاشکرا دەکات.

## رەخساندنی کاتی چاوپێکەوتنەکان

بۆ هەر چاوپێکەوتنێک پێویستە سودێکی گەورە لە کاتەکەی وەربگیرێت ، رۆژنامەنووس مەرجە رووخست و کاتی چاوپێکەوتن لە بەرامبەر وەربگرێت و کاتێک ئەو کەسە رەزامەند دەبێت بۆ چاوپێکەوتنەکە ، پێویستە کەسی بەرامبەر هەر شوێنێک دادەنێت بۆ چاوپێکەوتن تۆ دەبێت پابەندی بیت و پێش کاتی چاوپێکەوتنەکە بە ١٥ خولەک ئامادە بیت لە شوێنی ئامادەکراو تاوەکو میوان دێت تەواو ئامادە ساز بیت .

هەند کەس هەیە داوا دەکات چاو پێکەوتن و پرسیارەکانی

لــە ڕێگــەی نووســراوە بێــت یاخــود لــە ڕێگــەی ئیمەیــل یــان تــۆرە کۆمەڵایەتیەکانیــەوە بــۆ بنێرێــت ئەویــش وەڵام بداتــەوە ، بــۆ ئەمــەش دەبێــت ڕۆژنامەنــووس تــەواوی پرســیارەکان بە تەواوی و شــێوەیەکی ڕوون بــۆ پۆســتی ئەلیکترۆنیەکــە یــان هۆیەکانــی پەیوەندیکردنــی ئــەو کەســە بنرێــت و تاوەکــو لــەو ڕێگەیشــەوە وەڵامەکانــی وەربگرێتــەوە .

## شێوازی خستنە ڕووی پرسیار

## لەکاتی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانییدا

پێویســتە ڕۆژنامەنــووس کــە دەچێتــە چاوپێکەوتنەکــەوە لەدەســتپێکدا بەپرســیاری ســەخت دەســت پێنــەکات ، بەڵکــو وا باشــترە شــێوازی پرســیاری کۆتاییکــراوە بەکاربهێنێــت.

پێویســتە ڕۆژنامــەوان گوێگرێکــی باش بێــت و بــە وردی چاودێری کەســایەتیەکە و کاردانەوەکانــی بکات.

وا باشــترە ڕۆژنامــەوان بــەو پرســیارە دەســتپێبکات کــە پێشــتر ئامادەیکــردووە، مەگــەر ئــەوەی شــتێکی نوێــی یــان لــە نــاکاو ڕوویــدا بێــت و ناچــار بێــت ئــەو پرســیارە بگۆڕێــت، بــۆ ئــەوەی بــە گوێــرەی ئــەو نەخشــەیەی دایناــوە گفتوگۆکــە بەرێوەبەرێــت.

ئــەو پرســیارە ســەرەکییەی ڕۆژنامــەوان دەیەوێــت، وەڵامێکــی بــۆ بەدەســت بهێنێــت نابێــت لەیــادی بــکات و بــە هــۆی ڕۆچوونــە نێــو وردەکارییەنــەوە، فەرامۆشــی بــکات.

پێویســت نــاکات ڕۆژنامــەوان بترســێت لــەوەی پرســیارێکی ســادە بــکات، چونکــە دواجــار ئەویــش مرۆڤــە و ڕەنگــە هەمــوو شــتێک نەزانێــت و ڕەنگــە کەســایەتیەکەش هەســت بــە ئاســودەیی بــکات کاتــی دەبینێــت کەلێنێکــی زانیــاری بــۆ ڕۆژنامــەوان پڕکردووەتــەوە.

هەندێکجــار پێویســت دەکات ڕۆژنامــەوان پرســیاری بچووکــی تــەواوکاری بــکات وەک، «مەبەســتت چیــە ؟، « ئــەو شــتە چیــە ؟»،

«بەڕاستی ئەوە بەو جۆرەیە؟ « ئەمجۆرە پرسیارانە یاریدەدەرن بۆ بەردەوامی کەسایەتییەکە لە قسەکردن.

ئەگەر کەسایەتییەکە خۆی لەوەڵامدانەوەی پرسیارێک دزییەوە، دەکرێت رۆژنامەوان بە شێوازێکی دیکەدا پرسیارەکەی بخاتەوە ڕوو.

رۆژنامەوانی سەرکەوتوو، پێچ و خول بە دەوری پرسیاردا ناکات و تا پرسیارێک دەکات وتارێک ناخوێنێتەوە، بەڵکو بە روونی پرسیارەکەی ئاراستە دەکات.

رۆژنامەوانی سەرکەوتوو، پرسیارەکەی وردو سنووردارو چوارچێوە دیارە، پرسیاری گشتی، وەڵامی گشتی بە دوای خۆیدا دەهێنێت و رەنگە سوودێکی ئەوتۆ بە گفتوگۆکە نەبەخشێت.

پێویستە رۆژنامەوان رەچاوی شێوازی ئاراستەکردنی تەندروستانەی پرسیار بکات و دوور بکەوێتەوە لە خوێندنەوەی چەقبەستوانەی پرسیاری نووسراو

پێویستە رۆژنامەوان دوور کەوێتەوە لە رواڵەتی لێکۆڵەری تاوانەکان و وەک کەسایەتیەکی پیشەیی رۆژنامەوانی دەر بکەوێت.

پێویستە رۆژنامەوان وا خۆی پیشاننەدات کە ئەو هەموو ئەو شتانە دەزانێت کە کەسایەتیەکە باسی دەکات، رەنگە ئەمە وا بکات، کەسایەتییەکە چیدیکە ئارەزووی قسەکردنی نەمێنێت.

پێویستە رۆژنامەوان چالاکانە لەکاتی ئەنجامدانی گفتوگۆدا رۆڵ بگێڕێت و نەبێتە کارەکتەری بەرسێبەرو تەنها پرسیار بخوێنێتەوە.

پێویستە رۆژنامەوان هەمیشە و بۆ ساتێکیش بێت ئەوە لە بیر نەکات کە ئەو نوێنەری دەزگایەکە و لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە ئامانجێکی هەیە.

ئەسڵ وایە رۆژنامەوان بە شێوەیەکی بێ لایەنانە مامەڵە لەگەڵ کەسایەتی بکات و ئەو بێ لایەنییە دەبێت لەخستنەڕووی پرسیارەکانیشدا رەنگبداتەوە. و پێویستە خۆی نەبێتە لایەنێک و

باشـــتریش وایــه پرســـیاری میــوان وەڵام نەداتـــەوە..

پێویســـتە ڕۆژنامــەوان کاتــی گونجــاو بــۆ ئاراســـتەکردنی پرســـیار بدۆزێتـــەوە بەتایبەتـــی ئـــەو پرســـیارانەی هەســـتیاریان تێدایـــە.

پێویســـتە ڕۆژنامــەوان دوور کەوێتــەوە لەپرســیارکردن لەو شــتانەی کــە ناســـراون و زانـــراون پێشـــتر و حوکمـــی پیشـــەکەی ئاگاداریانە.

پێویســـتە ڕۆژنامـــەوان لەســـەرەتای گفتوگـــۆوە تـــا کۆتایـــی هەوڵـــی پاراســـتنی ڕەوشـــی ئەرێنـــی گفتوگۆکـــە و هەبوونـــی پەیوەنـــدی دۆســـتایەتی خـــۆی بـــدات لەگـــەڵ کەســـایەتیەکە بـــدات .

# گرنگی وێنە لە بابەتە رۆژنامەوانیەکان

وێنە هەر لە کۆنەوە رۆلێکی گەورەو کاریگەری هەبووە بەسەر ژیان و هەڵسوکەوتنی مرۆڤەوە لە تەواوی چرکە ساتە جیاوازەکانی ژیانی .

رۆژنامەوانی بەسەرجەم ژانرەکانی ، وێنە تەواوکەری هەواڵەو جێگەی بەشی زۆری هەواڵ یان راپۆرتەکە دەگرێتەوە ، گرینگی وێنەو هەڵبژاردنی وێنە لە لایەن رۆژنامەوان یان وێنەگر یان ئیدیتۆرەکانی هەواڵ دەبێت زمانی هەواڵەکە کاریگەر بێت .

بۆ نموونە تۆ هەواڵێک دەکەیت کە ئەمرۆ یارییەکی تۆپی بالە لە نێوان پێشمەرگەی سلێمانی و هەولێر بەرێوەچوو، پێشمەرگەی سلێمانی یارییەکەی بە سێ گێمی بێبەرامبەر بردۆتەوە ، گرنگە تۆ وێنەیەک لەگەڵ هەواڵەکە دابنێت کە تەواوکاری هەواڵەکەت بێت مەرجیشە وێنەکە لە یارییەکە گیرابێت نەک ئەرشیفی چەند ساڵێک بێت یاخود یارییەکە لە شارەکەی خۆت کرابێت بچیت وێنەیەک بخەیتە هەواڵێکەوە کە لە هۆڵێکی دەرەوەی ئەو شارە بێت ، بابەتی وێنەکەش زیاتر بە زیندوو بێت واتە پێشمەرگە بردیەوە گرنگە وێنەکە باس لە بردنەوەو خۆشی یاریزانانی پێشمەرگە بکات وەک ئەم وێنەیە .





یان ئەگەر کرا وێنەیەک لەم شێوەیە بێت ، کە ئەمە پێکهاتەکەیە تاوەکو زیاتر بینەریش شارەزاو بە ئاگای پێکهاتەکە بێت ، خۆ ئەگەر لە وێب سایت یان پەرەکەت بواری زیاتری وێنەی هەبوو باشترە چەند وێنەیەک وەک شێوە ستۆریەک بڵاو بکەیتەوە ، بەو مەرجەی ناوی فۆتۆگرافەرو کاپشتنی وێنەکەش نابێت لە یاد بکەی .



**ئەدرێسی بەشێکی یەکێتییە وەرزشییەکانی جیهان و چەند پێگەیەکی وەرزشی گرنگ**

| | |
|---|---|
| www.olympic.org | لیژنەی ئۆلۆمپی جیهان |
| www.fifa.com | یەکێتی تۆپی پێی جیهان |
| www.iaaf.org | یەکێتی گۆرەپان و مەیدانی جیهان |
| www.fiba.org | یەکێتی تۆپی باسکەی جیهان |
| www.ihf.info | یەکێتی تۆپی دەستی جیهان |
| www.conmebol.com | یەکێتی تۆپی پێی ئەمەریکای باشوور |
| www.the-afc.com | یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا |
| www.nociraq.iq | لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق |
| www.worldtaekwondo.org | یەکێتی کاراتی جیهان |
| www.ittf.com | یەکێتی تۆپی سەرمێزی جیهان |
| www.fivb.com | یەکێتی تۆپی بالەی جیهان |
| www.gymnastics.sport | یەکێتی جمناستیکی جیهان |
| www.bwfbadminton.com | یەکێتی بادیمنتۆنی جیهان |
| www.aiba.org | یەکێتی بۆکسێنگی جیهان |
| www.ijf.org | یەکێتی جۆدۆی جیهان |

بەشی زۆری ویب سایتە فەرمیەکان پێویستی پێیەتی لەوێ دەتوانێت دەستەبەری بکات ، نموونەیەکی سادە لەوەی لە سایتی یەکێتی تۆپی پێی جیهان ( فیفا) چەند تولێک هەیە یەکێک لەوانە وەک لە بازنە سورەکەیە پۆلێنبەندی مانگانەی هەڵبژاردەکان کە یەکێتی تۆپی پێ جیهان بڵاوی دەکاتەوە راستەوخۆ مانگانە ریزبەندی هەڵبژاردەکان تازە دەکاتەوە .




کاتێــک کلیــک لــەو بەشــە بدەیــت بــەم شــێوەیە زانیارییــەکان راســتەوخۆ دێنــە بەردەســتت .





بەشــێکی تــر لــە ویــب ســایتی فەرمــی یەکێتییــە جیهانیــەکان بەشــی ( میدیــا–Media) یــە کــە ئــەم بەشــە تــەواو تایبەتــە بــە رۆژنامەنــووس، لێــرە دەتوانێــت ســوودمەند بێــت لــە وێنــە ، ڤیدیــۆ،


هەروەهــا راگەیەنــدراوە فەرمییەکانــی یەکێتییــە وەرزشــیەکان کــە بــڵاوی دەکەنــەوە

هــەر لێرەشــەوە دەتوانێــت ســوودمەند بێــت لــە بــۆ داواکاری لــە رووماڵکردنــی رۆژنامەوانــی پاڵەوانێتییــەکان و  پەیوەندیکــردن بــە یەکــەی رۆژنامەوانــی ئــەو یەکێتییــەوە .


بــۆ نموونــە ئەمــەی خــوارەوە رووکاری دەرەوەی (یەکێتی شمشــێر بــازی جیهان)ــە، لــە بەشــی ســەرەوە وەک لــە بازنەکەیــە تــۆ دەتوانیت کلیــک بکەیــت کاتێــک لــە ســەر کۆمپیوتەرەکــەت ناونیشــانی وێــب ســایتی ئــەو یەکێتییــەو کردۆتــەوە کــە لــە خشــتەی وێــب ســایتەکان هەیــە .





پــاش ئــەوەی بەشــی میدیــات کــردەوە بــەم شــێوەیە زانیارییــەکان دێنــە بــەر دەســتت .




هەرووەک لە هەندێک وێب سایتی فەرمی یەکێتییە وەرزشییەکان ئەو پاڵەوانێتییە جیهانیانەی روو دەدات بە چەندین وادە پێش لەو پاڵەوانێتییە لە دوو بەش هەیە  یان بەشی ( ئیڤێنت ) وەک ئەم وێنەی خوارەوە لە وێب سایتی یەکێتی باسکەی جیهان .




یان لە هەندێک وێب سایتی تر زۆر کات دەخرێتە  بەشی ( کالندەر ) واتە ساڵنامە یان ( سکیچوڵد) وەک ئەمەی لە وێب سایتی یەکێتی بۆکسێنگی جیهان هەیە .




هەندێـک وێـب سـایتیش هەیـە زانیـاری وردو درشـت لەسـەر تـەواوی یاریزانـان دەدات بـەو مەرجـەی تۆمارکرابـن لـە پاڵەوانێتـی و یەکێتییـە نێودەوڵەتیـەکان و جیهانیـەکان و تـۆ بـە کردنـەوەی کلیـک لەسـەر ناوەکانیـان تـەواوی زانیارییـە وردەکانـت دەسـتدەکەوێت وەک ئەمـەی لـە وێـب سـایتی یەکێتـی گۆرەپـان و مەیدانـی جیهـان هەیـە .




**بەگەڕانـەوە بـۆ وێـب سـایتی ڕێکخـراوی ڕۆژنامەنووسـانی وەرزشـی جیهـان (ئەیپـس) دەتوانیـت ڕاسـتەوخۆ بچیتە بەشـی زۆری وێـب سـایتەکانی یەکێتییـە وەرزشـیەکانی جیهانـەوە پـاش ئـەوەی ئەدرەسـی بەکاردێنیـت .**

http://www.aipsmedia.com/index.html

لـەم بەشـەی وێـب سـایتەکە بەشـی زۆری یەکێتییـە وەرزشـیەکان هەیـە وەک لـە وێنەکـە دیـارە .




هەر لە پەرەی سەرەکی وێب سایتەکە بەشی خوارەوەی نوێترین ئەو پاڵەوانێتییە جیهانەی هەیەو رۆژنامەنووس داواکاری دەتوانێت پێشکەش بکات ئاپدەیت دەکرێتەوە وەک لە وێنەکە دیارە چەندین پاڵەوانێتی هەیەو راستەوخۆ بە کلیک لەو پاڵەوانێتییانەی دەتەوێت رووماڵی بکەین کلیک دەکەیت و راستەوخۆ دەچیتە بەشی میدیای یان داواکاری ئەکرۆدیشنەکەت .

## Accreditation



Accreditation

**Reminder: Media accreditation for the 69th FIFA Congress and the FIFA Women's Football Convention**

Accreditation

**Media activities surrounding WADA Foundation Board Meeting**




Accreditation

**Accreditation process open for 2019 FIVB Volleyball Nations League**

Accreditation

**Media accreditation process for the 2019 Flow Concacaf Caribbean Club**



Accreditation

**FIBA World Cup 2019: Media Hotels now available, 1 month left for Media Accreditation**



Accreditation

**Media Accreditation now open for WBSC Men's Softball World Championship 2019 in**

## مامەڵەكردنی راهێنەران و یاریزانان

زۆر جـــار كەڵەكەكردنـــی پرســـیار و بـــەدوای یەكـــدا ریزكردنـــی پرســـیار بـــۆ مەرامـــی شـــاراوە دێتـــە ئـــاراوە.. پەیامنێـــر دەیەوێـــت پرســـیاری جیـــاواز بـــكات و بـــواری گونجـــاو بـــۆ وەڵام ناهێڵێتـــەوە و ئەمـــەش رەنگـــە لەگـــەڵ سروشـــتی هەنـــدێ راهێنـــەرو یاریـــزان تەبـــا نەبێـــت.. بۆنموونـــە رەنگـــە كەســـی بەرامبـــەر نەتوانێـــت بـــە دەربـــڕ ینـــی كـــورت وەڵام بداتـــەوە یـــان لیاقـــەت و توانـــای پوختەكردنـــی نەبێـــت، رەنگـــە هەندێكجـــار بـــە سروشـــتی خـــۆی كەســـی بەرامبـــەر خێـــرا نەبێـــت لـــە دەربڕینـــدا..

پەیامنێـــر هەمیشـــە دەبێـــت رەچـــاوی بـــاری فســـیۆلۆژی و دەربڕینی میـــوان بـــكات و مافـــی خـــۆی پێ بـــدات..

پرســـیار ریزكـــردن هونـــەر نییـــە، هونـــەر مشـــتومالْكردنی پرســـیار و ریزبەنـــد كردنیانـــە بـــە جۆرێـــك مانایـــەك بەجێبەێڵـــن و سروشـــتی بەرنامەكـــە نەشـــێوێنن و ئەڵقـــە ئەڵقـــە لـــە بـــری درووســـتكردنی ژاوەژاو زانیـــاری بێننـــە ئـــاراوە .

پرســـیاری رۆژنامەوانـــی زیاتـــر لـــە ١٥ جـــۆر پرســـیار هـــەن، هەریـــەك لـــەو جـــۆرە پرســـیارانە كات و مەقامـــی خۆیـــان هەیـــە بـــۆ ئاراســـتە كـــردن، ئەمـــە ئـــەو زانیارییەیـــە كـــە زۆرێـــك لـــە پەیامنێـــران بـــێ ئاگـــان لێـــی ..

پرســـیاری كـــراوە و ســـادە و گشـــتی لـــە ســـەرەتاوە دەخرێنـــە ڕوو، پەیامنێـــرە بـــە توانـــاكان پرســـیاری هەســـتیار دەخەنـــە كۆتایـــی

وتوێژەکــە بــۆ ئــەوەی هەڵچوونێــک کــە لــە لای بەرامبــەرەوە درووســت نەبێــت کاریگــەری لەســەر رەوتــی بەرنامەکــە دانەنێــت و میــوان لــە رووی دەروونییــەوە دەرفەتــی بــۆ رەخســابێت زاڵ بێــت بەســـەر هەســـتی تورەبوونـــی.

پێویســـتە هەمیشـــە راهێنـــەرو یاریـــزان قســـەکەرێکی بـــاش بـــن ،هەمیشــە وەڵامــی پوخــت و رۆشــنیان هەبێــت بــۆ بینــەرو بیســەرو خوێنــەر، تــا ئێســتا راهێنــەرو یاریزانــی کــوردی لــە وەڵامــی ســادەی پەیامنێـر زۆر سـادەو سـاکارە ، فەلسـەفەی وەڵامدانـەوەی لـە ئاسـتی پێویســت نییــە ، ســەرنج بدەیــن لــە زۆری هــەواڵ و راپۆرتــی پێــش یارییــەکان راهێنــەرو یاریــزان ئەگــەر تۆپــی پــێ بــن دەڵێــت بــۆ ســێ خاڵـی دەچیـن ، یـان تیپێکـی یارییـە تاکیـەکان بێـت دەڵێـت بـۆ بردنەوە دەچیــن ، کــە ئەمــە زۆر کات وەڵامــی پەیامنێرەکــە وای لا دروســت دەبێـت لـە جێـی قسـەیەکی نەبـووە .

بۆیــە واباشــترە راهێنــەرو یاریــزان ئــەو لێدوانــەی دەیــدات بــە کارێکـی قورسـی نەزانێـت ، بـەڵام دەبێـت بـە ئاگـا بێـت لـەوەی چـی دەڵێـت و چـۆن دەڵێـت و بۆچـی دەڵێـت ، هەمیشـە راهێنـەر دەبێـت بـە سیاسـەتی پەیامنێـر وەڵام بداتـەوە نابێـت راسـتەوخۆ دوای شکسـتی تیپەکــەی دۆخێکــی خــراپ بەســەر خۆیــدا بهێنێــت بەهەمــان شــێوە راســتەوخۆ لێکدانــەوەی راســتەقینەی شکســتەکە پیشــان بــدات .

راهێنــەری وریــاو بــە ئاگــا ئــەو راهێنەرەیــە لــە کاتــی قســەکردنی پــاش یارییەکەیــان تێروانینــی راســتەقینەی بــاس بــکات کێشــەی شکســتەکەی بخاتــە روو نــەک هەســتێت بــە پەردەپۆشــکردنی شکســتەکەی بەســـەر کەســێک بــۆ نموونــە زۆرینــەی زۆری ئــەو راهێنەرانــەی تووشــی شکســت دەبــەن پاســاوی شکســتەکە دەگەرێننــەوە بــۆ ناوبژیــوان .

# سەرچاوەکان

بۆ ئەم ڕێبەرە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


* ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند -کاروان عەلی ٢٠٠٨
* پەیامنێر –ڕۆل و ئەرک و تایبەتمەندییە پیشەییەکان – هەردی ئەحمەد ٢٠٠٨
* الاعلام المتخصص –د.ادیب خەزور ٢٠٠٣
* چاوپێکەوتن و بەدواداچوون –مەم بورهان قانع ٢٠٠٩
* فن المقال الصحفی –د. ئیسماعیل ئیبراهیم ٢٠٠٩
* مدخل الی الصحافە –د. محەمەد مونیر ٢٠١٠
* کارامەییەکانی نووسین لە ڕۆژنامەوانی چاپکراو و ئەلیکترۆنییدا
* ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند –گۆران فەتحی –ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

# پرۆفایل

هەرێز جەمال ساڵح

دەرچووی بەشی رۆژنامەنووسی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی.

ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان .

ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان.

ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی وەرزشی جیهان .

لە ساڵی ٢٠٠٥ کاری رۆژنامەنووسی دەستپێکردووە.

لە ساڵی ٢٠١٠ رووماڵی یارییەکانی پاڵەوانێتی وڵاتانی عەسکەری لە وڵاتی سوریا کردووە.

لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠١٩ پەیامنێری رۆژنامەی چاودێر ، رۆژنامەی مەلاعیبی عێراقی،ئاسۆ،ئاسۆی‌وەرزش،ئاوێنەسپۆرت،رووداوی‌وەرزشی،ستادیۆم‌بووە

خاوەنی یەکەم پێشانگای فۆتۆگرافی وەرزشی لە سلێمانی ساڵی ٢٠١١

لە ساڵی ٢٠١٠ -٢٠١٢ سەرنووسەری سایتی خەندان سپۆرت بووە کە سایتێکی وەرزشیە .

لە ساڵی ٢٠١١ بەشداری لە رووماڵی کردنەوەی یاریگای گەڵاتەسرای تورکی کردووە لە ئیستانبوڵ .

لە ساڵی ٢٠١١-٢٠١٣-٢٠١٦ رووماڵی ماراسۆنی نێودەوڵەتی بەیروت لە لوبنان کردووە .

خاوەنی بروانامەی باوەرپێکراوی فیدراسیۆنی باسکەی جیهانە.

ساڵی ٢٠١٣ رووماڵی پاڵەوانێتی یارییە هونەرە جەنگیەکانی وڵاتانی ئۆرئاسیای لە وڵاتی جۆرجیا کردووە .

له ساڵی ٢٠١٢ چووەتە ئەردەن و دواتر فەلەستین بۆ خولی گەنجانی وەرزش

ساڵی ٢٠١٢ رووماڵی پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبی بۆ یارییەکانی گۆرەپان و مەیدانی لە وڵاتی ئەردەن کردووە .

ساڵی ٢٠١٣ رووماڵی پاڵەوانێتی ئاسیای کردووە بۆ یارییەکانی گۆرەپان و مەیدان لە وڵاتی هیندستان .

ساڵی ٢٠١٤ سەردانی وڵاتی ئەرمینیای کردووەو چەندین راپۆرتی مەیدانی لەسەر وەرزشی ئەو وڵاتە ئەنجامداوە .

٢٠١٤بەشداری لە رووماڵی گواستنەوە پاڵەوانێتی یارییە وەرزشیەکان کردووە لەسەر ئاستی عەرەب لە وڵاتی ئەردەن .

بەرپرسی راگەیاندنی هەڵبژاردەی کوردستان بووە لە ماراسۆنی تیبلیسی -جۆرجیا ساڵی ٢٠١٤ .

بەرپرسی راگەیاندنی هەڵبژاردەی عێراق بووە لە پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەب لە وڵاتی ئەردەن ٢٠١٢

یەکەم رۆژنامەنووسی کوردستان و عێراق بووە چووە بۆ پاڵەوانێتی کۆپا ئەمەریکا لە وڵاتی چیلی بۆ تۆپی پێ ساڵی ٢٠١٥ .

رووماڵکردنی پاڵەوانێتی تۆپی باسکەی ئافرەتانی جیهان لە تورکیا ساڵی ٢٠١٤ .

رووماڵکردنی پاڵەوانێتی تۆپی دەستی جیهان لە قەتەر ٢٠١٥

رووماڵکردنی پاڵەوانێتی ئەڵماسی گۆرەپان و مەیدان قەتەر ٢٠١٧

رووماڵکردنی یارییەکانی ئۆلۆمپیادی ئاسیا لە ئەندەنوسیا ٢٠١٨

رووماڵکردنی جامی نەتەوەکانی ئاسیا ئیمارات ٢٠١٩

رووماڵکردنی پاڵەوانێتی گۆرەپان و مەیدانی ئاسیا لە قەتەر ٢٠١٩

خاوەنی بروانامەی دیپلۆمای راگەیاندنی یەکێتی گۆرەپان و مەیدانی جیهانە